رۆژنامەیەکی هەفتانەیی گشتی‌یە
لەدەزگای هاوکاری چاپ‌و بلاو کردنەوەی
کوردی دەرئەچێت

دار التضامن للطباعة والنشر الكردية

بغداد - شارع الجمهورية - ساحة الخلاني
هاتف ٦٨٣١١ ، ٦٨٣١٢ ، ٦٨٣١٣

هاوکاری

(٨) لاپەڕە
نرخی
(٢٥) فلسە
لە (دار الحرية)
چاپ ئەکرێ

سالی ١٩٧٠ دامەزراوە

HAWKARI Tel - 68311 68312, 68313.

ژمارە (٢٢٥) ٥-٧-١٩٧٤

● لەم ژمارەیەدا :-
● مەرامی سەردانەکەی ئەم دواییەی سەرەك وەزیرانی لوبنان لەتاران چی بوو • لاپەرە -٢-
● خان ئەحمەد خانی زەلم • لاپەرە -٣-
● سروشت لەنێوان دوو خۆشەویستدا لاپەرە -٥-
● مێژوی ماد • لاپەرە -٦-

عیراق لە کۆبونەوەکانی ئەنجومەنی بەرگری عەرەب دا بە شدار ئەبێ

ئامادەی چاپ

شۆڕشگێڕانی مۆزەمبیق ٧٠ سەربازی دوژمنیان فەوتاندوە

عیراق لە کۆبونەوەی ئەنجومەنی بەرگری عەرەب دا بە شدار ئەبێ

قاهیرە : ئا٠د٠ع : رۆژی چوارشەممەی رابوردو بەرێز شاذل طاقە وەزیری دەرەوەلە گەڵ وەفدێکدا بەرەو قاهیرە کەوتەڕێ بۆ بەشداربوون لە کۆبونەوەکانی ئەنجومەنی بەرگری عەرەب کە ٣-٧ لە بارەگای دەزگای وڵاتانی لەقاهیرە دەستی-پێ کرد •

وە کاك طاقە لەفرۆکەخانەی قاهیرە لەلایەن بەرێز بالیۆزی کۆماری عیراق‌و دکتور محمدسید احمد یاریدەدەری ئەمینداری گشتی دەزگای وڵاتانی عەرەبەوە پێشوازی کرا • ئەوەی شایانی باسیشە کاك طاقە پاش نیوە رۆژی ٢-٧ بەغدای بەجێ هێشت‌و لەفرۆکەخانەلەلایەن بەرێز هشام الشاوی وەزیری کەوتنەدنی بەرزو لێکۆلینەوەی زانستی‌و جێگری وەزارەتی دەرەوەو بەریوەبەری گشتی تەشریفات‌و بەریوەبەری دایەرەی عەرەبی لەوەزارەتی دەرەوە بەرێ کرا •

ئیمپریالیزمی ئەمەریکا لە شکڕی تر بۆخواروی ئاسیا ئەنێری

واشنتۆن : ئەسۆشێتدپریس هێزی دەریایی ئەمەریکا رۆژی ٢-٧ لە واشنتۆن بلاوی کردەوەکە پەنتاگۆن هێزێکی گەورەی تری ناردوە بۆ ناوچەی ئەقیانوسی هێمن •

وە ئەو هێزە تازەیە بریتی‌یەلە هێزی ساروخ هەڵگرو اسطولی جەنگی‌و ئازووقەهەڵگر • وەئەو هێزە هەفتەی رابوردوو لە دەربەندی مالگای نێوان مالیزیاو ئەندۆنیسیا پەڕیوەتەوە •

ئەوەی شایانی‌باسە بوونی‌ئەو هێزەی ئەمەریکا لەوناوچەیە گەلانی خواروی رۆژهەڵاتی ئاسیای نارەحەت کردوەو تاوەکو ئێستا لەچەند لایەکەوەدەنگی نارەزایی دەربڕین بەرز-بۆتەوە •

ئیمپریالیزمی ئەمەریکا ٨٠ ملیۆن دولار بە میسر ئەدات

بە پێی هەواڵی رۆژنامەکانی بێروت بانکی (شیز منهاتن)ی ئەمەریکایی بەڵێنی داوە کە قەرزێکی ٨٠ ملیۆن دۆلاری بە میسر بدات •

وە رۆژنامەی (بیروت) کە لە لوبنان دەرئەچێ ئەڵێ : جگە لەم ٨٠ ملیۆن دۆلارەی دەرئەگیری ، حکومەتی میسر لیژنەیەکی تایبەتی پێك هێناوە بۆ ئەوەی پەیوەندی بە کار-بەدەستانی واشنتۆنەوە بکات‌و میسر چ یارمەتیەکی پێویستە ئەو لیژنەیە بە حکومەتی ئەمەریکای رابگەیەنێ •

ئاژانسەکان

ئەردەن‌و کۆنگرەی جنێف

چەند سەرچاوەیەکی رەسمی رۆژی چوار شەممەی رابوردوو لە عەممان رایانگەیاند کە رێژیمی ئەردەن بڕیاری‌داوە ئەگەر بێتو ریککەوتنی لەیەکتری جیاکردنەوەی هێزەکانی ئەردەن‌و ئیسرائیل مۆرنەکرێ ئەوا ئەردەن لەکۆنگرەی جنێف‌دا بەشدار نابێ !!

وە ئەردەن داوا ئەکات ئەو ریککەوتنە ، وەکو ئەو ریککەوتننامەیە بێ کە سوریا میسر لەگەڵ ئیسرائیلدا مۆریان-کردوە •

کرێکارانی بەندەری بێروت هەرەشەی مانگرتن ئەکەن

بیروت : ئا٠د٠ع : رۆژی ٢-٧ کریکارو موچەخۆرو فەرمانبەرانی بەندەری بێروت‌هەرەشەیان لە کاربەدەستان کرد • کە ئەگەر بێتو دەوڵەت‌شتێك بکات بەپێچەوانەی بەرژەوەندی کرێکارانی‌وە ئەواکریکارانی بەندەرەکە مان ئەگرن •

لەلایەکی‌ترەوە پاش نیوەرۆی ٢-٧ نەقابەی کریکاران‌و فەرمانبەرانی ئەو دەزگایە کۆبونەوەو بڕیاریان دا کە لەمەولا هیچ ئیشێك زیاد لەدەوامی خویان نەکەن !

ئەوەی شایانی باسە ماوەی ئیش‌کردن لەو بەندەرەدا شەو رۆژە واتە ٢٤ سەعاتە بۆ بارکردنی ئەو شتومەکەی لەبەندەرەکەدا دائەگیری •

کۆچی دوایی سەرۆکی ئەرجەنتین

بۆینس ئایرس: ئاژانسەکان:رۆژی ١-٧ بەرەسمی بلاو کرایەوە کە خوان پیرۆن‌سەرۆکی ئەرجەنتین لە تەمەنی حەفتاو نۆ ساڵیدا کۆچی دوایی‌کرد •

پیرۆن رۆژی شەممە بەیەکجاری تەندروستی تێکچو بوو ، وە لە خەستەخانە کەوت •• وە چەند بلاوکراوەیەکی خەستەخانەکە رایانگەیاند کە پیرۆن لە شەممەوە لە هۆش خۆی چوەو دڵی بە باشی کار ناکات ••• ئەوە بوو چاری نەکراو بە یەکجاری چاوی لیك‌نا •• وە لە رۆژی شەممەشەوە خاتوو « ماریا ستیلا پیرۆن »ی خێزانی کرا بە سەرکۆمارو دوای مردنی بیروت وتارێکی ئاراستەی گەل کردو تیایدا ستایشی سیاسەتی سەرکۆماری ڕاشوی کردو داوای لەگەل کرد کە ریزەکانی یەك بخات‌و رێگای ناحەزان نەدات جم‌وجۆل بکەن• وە دوای وتارەکە سەرپەرشتی کۆبونەوەیەکی ئەنجومەنی وەزیرانی کرد •

کورتە هەواڵ

● شام : ئا٠د٠ف : رۆژی ٢-٧ کاك یاسر عرفات سەرۆکی لیژنەی تەنفیزی رێکخراوی رزگاری‌خوازی فەلەستین لەشام لەگەڵ بەرێز حافظ اسدی سەرۆکی سوریا کۆبۆوە •

● سۆفیا : ئەسۆشێتدپرس : رۆژی چوار شەممەی رابوردوو ، وتوێژی دووقۆلی نێوان هیندستان‌و بولگاریا کۆتایی‌هات •وە ئەو وەفدەی هیندستان کە لە سۆفیا بوو گەرایەوە بۆ نیودەلهی •

● عەدەن : ئا٠د٠ع : رۆژی ٢-٧ بەرێز صالح مطیع وەزیری دەرەوەی کۆماری دیموکراتی گەلی یەمەن بەسەردان چوو بۆ قاهیرە • کاك مطیع لەکۆبونەوەی وەزیرانی دەرەوەی عەرەب بەشدار ئەبێ •

● سەنعاء : رێژیمی تازەی یەمەنی ژوورو لەگەڵ کۆمپانیایەکی دوو قۆلی ژاپۆن‌و ئەمەریکا ریککەوت کە نەوت لە یەمەنی ژوورو دەربهێنن •

سە رۆکی سوریاو ئەردەن‌ومیسر کۆئەبنەوە •

عەممان : ئا٠د٠ف : رۆژی٢-٧ چەند سەرچاوەیەکی دیپلۆماسی لەشاری عەممان‌بلاویان‌کردەوە کە هاتووچۆ کردنێك لەنێوان شام‌و عەممان‌وقاهیرە لەئارادایە بۆ رێکخستنی کونگرەیەکی بەرز کە حافظ‌اسدی سەرۆکی سوریاو مەلیك حسەین پاشای ئەردەن‌و انورساداتی سەرۆکی میسری تیادا-بەشدار ببێ •

وە لەکۆبونەوەیەدا باسی‌باری ناوچەی عەرەب ئەکرێت • بڕیاریش وایە کە ئەو کونگرەیەلەکۆتایی ئەمەمانگەدا یاخود لەسەرەتای مانگی ئابدا ساز-بکرێ • بەڵام تاکو ئێستا ئەو شوێنە دیاری ئەکراوە کە‌هەرسێ سەرۆك تیایدا کۆئەبنەوە •

پەیوەندی نێوان دووریژێمی دەست نێژی ئیمپریالیزم

سیئول : ئا٠د٠ف : رۆژبە رۆژ رێژیمە کۆنەپەرستەکەی سعودی‌یە پەیوەندی دۆستانەلەگەڵ رێژیمە دەست نێژەکانی ئیمپریالیزم‌دا بەتین ئەکات •ئەوە بوو رۆژی ١-٧ عمر سقاف وەزیری کاروباری دەرەوەی‌رێژیمی سعودی بە سەردانێکی چوار رۆژی چوو بۆ سیئۆلی‌پایتەختی کۆریای خوارو •

سقاف‌لەو سەردانەیدا لەگەڵ‌کاربەدەستانی رێژیمی خواروی کوریا دەربارەی پەیوەندی‌نێوان‌هەردوو دەوڵەت وتووێژ ئەکات‌و لەگەڵ « بارك شنگ هی »سەرۆکی رێژیم‌و «کیم‌گونجبیل» سەرەك وەزیرانی خواروی‌کۆریاکۆ ئەبێتەوە •

بالیۆزی کۆماری عێراق لە یەکێتی سۆڤییەت

رۆژی ٣-٧ کاك مرتضی سعید عبدالباقی بالیوزی کۆماری عێراق لە مۆسکو بەرەو یەکێتی سۆڤییەت کەوتەڕێ بۆ وەرگرتنی ئەوپلەو ئەرکەی پێی سپێردراوە •

کاك عبدالباقی لە فرۆکەخانە لەلایەن جێگرانی وەزارەتی دەرەوەو کشتوکاڵ‌و چارەسەرکردنی‌کشتوکاڵ‌و پارێزگاری بەغداو چەند کاربەدەستێکی ترەوە بەرێ‌کرا •

ئا٠د٠ع

ئالدهایم سەرلە پورتوگال ئەدات

لشبۆنە : ئا٠د٠ف : رۆژی٢-٧ بلاوکرایەوە کە دکتۆر کورت ئالدهاییم سکرتیری گشتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانی بەسەردانێکی رەسمی‌و لەسەر داخوازی ماریو سواریز وەزیری دەرەوەی پورتوگال لە ٢٤ و٢٥ی ئەم مانگەدا ئەچێ بۆ لشبۆنە •

ئەوەی شایانی باسە ماوەیەك لەمەوبەر لەکانی کۆبۆنەوەکانی وەزاری پەیمانی ژووروی ئەتلەسی وەزیری دەرەوەی پورتوگال ودکتور کورت ئالدهاییم چاویان بەیەکتری کەوتبوو ، وە داوای لە سکرتیری گشتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان کردبوو کەسەر لەپورتوگال بدات •

لابردنی وەزیری بازرگانی پاکستان

رۆژی ٣-٧ ذو الفقار علی بوتو سەرۆکی پاکستان بڕیاری‌دا کە (جی • ئەی • رحیم)ی وەزیری بازرگانی‌و پیشەسازی لەسەر کار لابدات •

ئاژانسی ئەسۆشێتدپریس ئەڵێ لە بڕیاری لابردنی ئەو وەزیرەدا باسی هۆی دەرکردنی‌نەکراوە • بەڵام پەیامنێری (بی•بی•سی) ئەڵێ ئاگاداران لەوباوەڕەدان کە لابردنی ئەو وەزیرە بەهۆی هەندێ رەفتاریەوە بووەکە بۆتۆ لێی رازی‌نەبووە • ئەوەی شایانی باسە (جی•ئەی•رحیم) رابەرێکە لەرابەرەکانی پارتی گەلی فەرمانڕەواو دۆستێکی نزیکی بۆتۆ بوو •

دار السلام :- شینخوا :- لەمانگی رابوردوا شورشگێڕانی مۆزەمبیق لەهەرێمی تیت چەند جارێك پەلاماری هێزەکانی پورتوگالیان داو نزیکەی ٧٠ سەربازیان لێ فەوتاند •

بەیاننامەیەکی شورشگێڕان لەم ڕووەوە ئەڵێ: بارتیزانان لەناوچەی تسیتیامبی‌و تسیمیوایو هامادی پەلاماری هێزێکی دوژمنیان‌داو بەلای-کەمەوە (٢٠) سەربازیان کوشتوەو بەندیخانەیەکیان شکاندو ئەو گیراوانەی تیایدابوون ، ئازادیان کردن هەروەها لەچەند شوێنێکی تری ناوچەی تیت پەنجا سەربازی دوژمنیان لەناو-بردو دوو شەمەندەفەرو ٨ فارگونیان سوتاند •

جەنگاوەرانی ئەنگۆلا بەتوندی دەست لە دوژمن ئەوەشێنن

براژافیل : شینخوا : بەپێی بەیاننامەیەکی لەشکری رزگاری خوازی گەلی ئەنگولا پارتیزانان بوتوندی دەستی دلێرانەیان لەدوژمن وەشاندوەو لەچەند لاوە پەلاماریان داوە •

بەیاننامەکە ئەڵێ :- لە٣٠ی مانگی رابوردودا جەنگاوەران لەهەرێمی کایو نقویمبو پەلاماری سەربازگەیەکی ئیمپریالیزمی پورتوگالیان‌داوە ئاگریان لە سەربازگەکەبەردا وەلەئەنجامدا دوو ئەفسەرو ١٢ سەرباز کوژران‌و چەند سەربازێکی تری دوژمن بریندار بوون •

تەواوبوونی وتووێژی دووقۆلی نێوان بریجنێف و نیکسۆن !

مۆسکۆ ئاژانسەکان :رۆژی ٣-٧ وتووێژی دوو قۆلی نێوان لێونید بریجنێف سکرتیری گشتی پارتی کومونیستی سۆڤێتی‌و ریچارد نیکسون سەرۆکی ئەمەریکا کۆتایی هات‌و نیکسۆنیش لەگەڵ ئەو وەفدەی لەگەڵیابوو یەکێتی سۆڤییەتیان بەجێ هێشت • وە لە فرۆکەخانەی« فنو کوفو » لە لایەن لیونید بریجنێف‌و نیکولای پۆدگۆرنی سەرۆکی لیژنەی سەرۆکایەتی‌ئەنجومەنی بەرزی سۆڤییەت‌و ئەلێکسی کوسیگنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانەوە بەڕێ کرا •

نیکسون لەو وتووێژەیدا لەگەڵ کاربەدەستانی سۆڤییەت پرۆتۆکۆلێکی پەیمانی کەم کردنەوەی شەبەکەی ساروخی‌ستراتیجی بەرگری‌و راددەدانان بۆ تاقی کردنەوەی بۆمبای ئوتوم لەژێر زەوی‌دامۆرکرد •• بەڵام وەکوودەرکەوتوە هەردوو لا نەگەیشتونە ئەنجامێك دەربارەی دیاری کردنی چەکی‌ستراتیجی •

ئاژانسی دەنگوباسی رۆیتەر ئەڵێ : وا دیارە هەردوو لا نەیانتوانیوە ریککەون لەسەر پەیمانێکی تازە دەربارەی پاشە رۆژی چەکی ستراتیجی کە جێگای پەیمانەکەی ساڵی ١٩٧٢ بگرێتەوە • لەلایەکی ترەوە لەبەیاننامەیەکی دوو قۆلی‌دا وتراوە ئەو پەیمان‌و پروتۆکولانەی هەردوو لا مۆریان کردون لە ٣١ی مارتی ساڵی ١٩٧٦ دا دەست بە جێ‌بەجێ کردنیان ئەکرێت •

یاخی بوونی ئەبجارەی لەشکری حەبەشە چی بە سەر هات ؟!

ئەدیس ئەبابا : ئاژانسەکان: سەر لەنوێ باری ناوخۆی‌حەبەشە شێوایەوەو لەشکر یاخبوو ، وە لە چەند شوێنێکدا دەستی بە جم‌وجۆڵ‌و بزوتنەوەکرد •

ئەوە بوو رۆژی ٢ - ٧ راگەیەنرا کە لیژنەیەکی‌سەربازی لە نوێنەرانی هێزی چەکدارو پۆلیس پێك هاتووە بۆیەکخستنی ئیش‌و کارو ئامانجی یاخی بونەکەیان سەبارەت بە باری ناوخۆو رووداوەکانی ئەم‌دواییەی حەبەشە •

ئاژانسی تاس لە ئەدیس‌ئەباباوە ئەڵێ : هێزی چەکدار بەیاننامەیەکی بلاوکردوە تیایدا ئەڵێ : چەند سیاسی‌و دەرەبەگ و ئەشەکانی کلێسەی قبطی کەبە (گەورە پیاو) ناو ئەبرین گیراون •• هەروەها چەندکاربەدەستێکی تری دەوڵەت دەست بەسەر کراون لە مانەئەتراك تاتا سەرۆکی‌ئەنجومەنی قەراڵیەتی (الامبراطوری) وەسەرۆکی ئەنجومەنی سەناو دووەم فەرماندەی لەشکر لەشاری ئەسمەرا •

لەلایەکی تریشەوە چەندتانك‌و زرێ‌پۆشێك بینراون کە بەشەقامەکاندا سوراونەتەوەو ئێشکەیان گرتووە •

ئەوەی شایانی باسە لە کاتی‌یاخی بوونەکەدا لەشکر بەیاننامەیەکی بلاوکردەوە تیایداوتی :-

ئێمە بۆیە یاخی‌بووین‌تا وەکورەگو ریشەی خراپکاری‌و بەرتیل‌و ئاژاوەو شێواوی وەزعەلەبن هەڵکێشین‌و باری ناوخۆی وڵات چاك بکەین‌و وەزارەتێك بێتە سەر کار کە داواکاری‌چینە زەحمەتکێشەکان جێ‌بەجێ بکات •• بەڵام بەیاننامەکە باسی ئەوەی نەکردوە کە ئایا لەشکر نیازی هەیە قەراڵ هیلاسی لاسی لەسەر کار لابات یان نا •؟!

ئەمەریکا ٨٠ ملیۆن دولار بە میسر ئەدات

بە پێی هەواڵی رۆژنامەکانی بێروت بانکی (شیز منهاتن)ی ئەمەریکایی بەڵێنی داوە کە قەرزێکی ٨٠ ملیۆن دۆلاری بە میسر بدات •

وە رۆژنامەی (بیروت) کە لە لوبنان دەرئەچێ ئەڵێ : جگە لەم ٨٠ ملیۆن دۆلارەی دەرئەگیری ، حکومەتی میسر لیژنەیەکی تایبەتی پێك هێناوە بۆ ئەوەی پەیوەندی بە کار-بەدەستانی واشنتۆنەوە بکات‌و میسر چ یارمەتیەکی پێویستە ئەو لیژنەیە بە حکومەتی ئەمەریکای رابگەیەنێ •

ئاژانسەکان

institut kurde de paris

● زریان ●
کردویەکوردی

گینیا بیساو
شۆڕشێکی بەردەوامە دژی ئیمپریالیزم
-٣-

لە ئەنجامی رزگار کردنی زوربەی زۆری ناوچەکانی گینیا بیساوو چالاکی پارتی بیا جیك، ولاتە یەکگرتووەکان لە نیسانی ساڵی ١٩٧٢ دا لیژنەیەکی گەورەیان پێکەوە نا ئەو لیژنەیە لەنوێنەری ٣ دەولەت پیك هات بۆ ئەوەی لە ناوچە ئازاد کراوەکان دا بگەڕێن و ڕاستی ئەو قسانەیان بۆ دەر کەوێت کە شۆڕشگێران دەربارەی ناوچەکان ئەیکەن ٠٠ لە دوای

- ٣ -

وتوویژێکی زۆر لەگەل کار بەدەستان و جەماوەری ناوچە ئازاد کراوەکان لیژنەکە ڕاپۆرتێکی تەواوی دەربارەی ناوچەکان نوسیوو بۆ ولاتە یەکگرتووەکانی ناردو تیایدا بە وردی باری ناو خۆی ناوچەکانی دەرخستبو لەلایەکی ترە وە روونی کرد بۆ وە کە ئیمپریالیزمو داگیرکەری پورتوگال بە هیچ جۆرێك لەو ناو چانە دا توانای نەماوەودەسەلاتی ئیداری و عەسکەری کەوتۆتە دەست شۆڕشگێران و پارتی بیا جیك ٠٠

لە دوای ئەوەی پارتی بیاجیك وجەنگاوەران زوربەی زۆری ناوچەکانیان رزگار کرد ، باری ناو خۆی ولات هێمن بۆوەو خەڵکی کەوتە بارو زروفێکی ترە وە ، جا لەو بارو زروفە دا ، ئەنجومەنی سەروی شۆڕشی چەکداری گینی لە ٩-١٧ی ئابی ساڵی ١٩٧١ کۆبونەوەیەکی فراوانی ساز کرد کە زوربەی سەرۆکەسیاسی و عەسکەری یەکانی تێدا بەشدار بوو ، لەم کۆبونەوەیەدا بە باش روون کرایەوە کە ئەبێ هەلبژاردن لە ساڵی ١٩٧٢ دا دەست پێ بکرێت بۆ پێکەوە نانی کۆمەڵەی نیشتمانی ٠٠ هەروەها دوای ئەوەی چەند کۆنگرەیەکی تر بەسترا بە شێوەیەکی تەواو باری ناوچەکانیان بۆ گەلانی جیهان دەرخست و تواناو هێزی شۆڕشگێرانی گینی لە ئازادکردنی ولات دا پایەیەکی بە نرخی بۆ دا نرا ٠٠

لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٧٢ دا کۆمەڵەی نیشتمانی میللی لە ناوچە ئازاد کراوەکان دا دا مەزراو دەوڕێکی یەکجار گرنگی بینی لە پیشکەوتنی ولات دا ٠ هەروەها دا مەزراندنی کۆمەڵەی میللی بەدەسکەوتێکی بە نرخ دا ئەنرێت لە تەمەنی شۆڕشی گینیا بیساو دا ، هەر چەندە ئیمپریالیزم وداگیرکەری پورتوگال ئەم دەسکەوتەی زۆر لە سەر شان گران بوو ویستی بە هەرچەشنێك بێت پوچی بکاتەوەو لە ناوی بەرێت ، بۆ ئەمەبەستەش دەستی کرد بە نا نەوەی چەند پیلانێك بۆ کوشتن و لێدانی جەنگاوەران ولە ئەنجام دا توانی بە هەر جۆرێك بێت لە کانونی دووەمی ساڵی ١٩٧٣ دا سەرۆك کابرال بکوژێت ٠ بەلام کوشتنی کابرال نا بێتە هۆی ئەوەی شۆڕشی گینی کۆتایی پێ بێت ، چونکە پارتی بیا جیك لە سەرەتای دامەزراندنیەوە توانیویەتی سەرۆکایەتی گەل بگرێتە ئەستۆی بەرامبەر جۆرەها باری نا هەموار ردا خۆی رابگرێت ٠٠ پارتی ناو براو لە تەموزی ساڵی ١٩٧٣ دا کۆبونەوەیەکی ساز کردو تێکوشەر ئەریستیدس بیدپیرای بەسکرتێری پارتی هەلبژاردو

گەلێك لایەنی شۆڕشی بۆ لاوە شۆڕشگێرەکان بی بکەینیت شۆڕشگێران دەرخست کە وئاراستەیان بکات دژی هیرش و ئەویش بەردەوام بوونی دەسەلاتی فاشیزم و ئیمپریالیزم شۆڕش و تێکوشانی گەلی لە ولاتدا ٠٠ هەروەها گینیەیە ، وە هەروەها لە دامەزراندنی کوماری لە گینیا

نوسراوێکی مێژوویی دا کە بۆ سوپای رزگاری میللی ناردبوو وەبری :

سەرۆك کابرال کۆژرا بەلام هەرگیز بیازی ئیمپریالیزمو داگیر کەران نایەتە دی کە بە ئاوانی دامەزراندنەوەی شۆڕشن هەروەها تێکوشەرانی گینی لە جاران زیاتر هەلی وە دەست هێنانی سەر بە خۆیی و رزگاری ولات ئەدەن وبە گەیشتنی شۆڕشگێریەوە دژی ئیمپریالیزمو داگیر کەر لە ولات دا ٠

شۆڕشی گینی ئامادەیە یارمەتی لە هەموو مرۆڤێکی پێشکەوتنخواز وەربگری بۆ بن بر کردنی رەگ وریشەی ڕێژیمی کۆنەپەرستی لە سەرانسەری ولات دا ٠

٤ - خەبات کردن و یان بەخت کردنی گینیا بیساو بەشێکە لە تێکوشان و خەبات کردنی گەلانی ئاسیاو ئەفەریقاو ئەمەریکای لاتینی وبە هیچ جۆرێك لاتەریك نی یە ٠

لە دوای ئەوەی کوماری گینیا بیساو دامەزراو ئەو ڕێرەوەی ئاشکراکرد زوربەی گەلانی جیهان دانیان بە کۆمارەکەیدا هێناو بە هەموو شێوەیەك یارمەتیان دا بۆ ئەوەی کۆمارە ساواکەی تی بکات و بەردەوام بێت ٠ وە ژمارەی ئەو ولاتانەی دانیان بە کۆمارەکەدا هێنا دەگەیشتنە ٧٥ دەولەت و هانی گەلی گینی یان دا بۆ ئەوەی ببێتە قەلاتێك لە بەردەم ئیمپریالیزمو داگیرکەران ٠

بیساو دا گەلێك لایەنی بۆ خەڵکی ئاشکرا کردو ڕێرەوی کۆماری باشتر روون کردەوە وەکو :

١ - هەوڵ دان بۆ بڵاو بوونەوەی بیرو باوەری شۆڕشگێری و چەك داری لە ولات داو پێویستە کۆمەڵ بەرەو ڕێرەوێکی سوشیالیستی بروات

٢ - پێویستە دۆستایەتی لەگەل دەولەتە سوشیالیستیەکاندا ببەسترێت بۆ لە ناو بردنی ئیمپریالیزمو داگیر کەر لە ولات دا ٠

شۆڕشی گینی ئامادەیە یارمەتی لە هەموو مرۆڤێکی پێشکەوتنخواز وەربگری بۆ بن بر کردنی رەگ وریشەی ڕێژیمی کۆنەپەرستی لە سەرانسەری ولات دا ٠

٤ - خەبات کردن و یان بەخت کردنی گینیا بیساو بەشێکە لە تێکوشان و خەبات کردنی گەلانی ئاسیاو ئەفەریقاو ئەمەریکای لاتینی وبە هیچ جۆرێك لاتەریك نی یە ٠

لە دوای ئەوەی کوماری گینیا بیساو دامەزراو ئەو ڕێرەوەی ئاشکراکرد زوربەی گەلانی جیهان دانیان بە کۆمارەکەیدا هێناو بە هەموو شێوەیەك یارمەتیان دا بۆ ئەوەی کۆمارە ساواکەی تی بکات و بەردەوام بێت ٠ وە ژمارەی ئەو ولاتانەی دانیان بە کۆمارەکەدا هێنا دەگەیشتنە ٧٥ دەولەت و هانی گەلی گینی یان دا بۆ ئەوەی ببێتە قەلاتێك لە بەردەم ئیمپریالیزمو داگیرکەران ٠

سیاسەتی ماکیافیلستی رابەرایەتی ڕێژیمی کۆنەپەرستی ئێران .

بابەك

ڕەنگ بێ لە مێژوودا تەنیا چەند کەس لە پیاوانی سیاسی جیهان کتێبی شازادە (پرنس)ی ماکیافیل فەیلەسوفی ئیتالیایی یان خویندبێتەوەو ئامۆژگاری یە ناپەسندەکانی ئەویان لە ئاکاری سیاسی دا بەکار هێنابێ ٠ یەکێك لەو کەسە کەم هەلکەو توانە بەرێوەبەری ئێستای ڕێژیمی ئێرانە ، کە چە لە سیاسەتی ناوەوەی ولاتو چە لە سیاسەتی دەرەوەی دا ئاسەواری ئەو ئامۆژگاریانەی ماکیافیل بەرا شکاوی بەرچاو دەکەوێ ٠ ڕێژیمی ئێران لەلایەکەوە ڕێکخراوەکانی بەناو دیفاع لە لژیونی خزمەتگو زارانی مرۆڤ پێك دێنێو پەیتا پەیتا کۆبونەوە لە ئێراندا بانگەواز مافی مروڤو عەدالەتی بۆ دەکا ٠ کەچی مافی مرۆڤایەتی بەتەواوی مانا لە ئێران دا پێ شێل بوەو لە ماوەی دەستەلاتداریی ئەو ڕێژیمەدا بە هەزاران ڕۆلەی بەشەرەف گیانیان فیدای مافی مرۆڤایەتی لە ئێراندا کردوەو بەدەستی جەلادەکانی سازمانی ئەمنیەت (ساواك) شەهید کراونو کەس بە تاوانی سیاسی لە هەر ئێستا پتر لە دە هەزار بەندیخانەکانی ئێراندا گیراون ٠

ڕابەرایەتی ڕێژیمی ئێران لە لایەکەوە خۆی بە ئیسلام پەنا ناو دەباو ساڵی چەندجار دەچی بۆ جێگە پیرۆزەکانی ئاینیو لە ڕۆژانی مانگی موحەرەمدا پرسەو سەرخۆشی بۆ شەهیدانی کەربەلا دادەنێ !کەچی ئەوە بۆ ماوەی چەند ساڵە (ئایەتو لاڵای خومەینی)پێشەوای شیعەکانی لە ولات دور خستۆتەوەو بەدەیان کەسی تریش هەر لە پێشەوا ئایینیەکان لە بەندو زنجیردان ، یان بۆ جێگە ناخۆشەکانی ئێران دور خراونەتەوە ٠

بە دەیان کەس لە ڕۆلە بەشەرەفەکانی (ریکخراوی موجاهیدینی خەلك) کەبەراستی دەیانەوێ ئایین لە خزمەتی ژیانی مرۆڤدا بێ نەك بۆ فریودانی خەلك ٠ لە ژیر ئەشکەنجەدا شەهید بوون و یان لە مەیدانی ئیعدامدا گوللە باران کراون ٠

دوای ئەوە لەگەل هەفالێکی تر بە ناوی (کەرامەتو للای دانیشان) گوللە باران کران ٠

ڕێژیمی ئێران لەلایەکەوە یەکێك لەسەر سەخت ترین دۆژمنانی بەرەی رزگاریخوازانی گەلی فەلەستینەو لە ئێران دا بە دەیان کەس بەو تاوانەی کە یارمەتی گەلی فەلەستینیان داوە بەئیعدامو گرتن مەحکوم کراونو ئەفسەرو سەربازەکانی ئێران لە ناوچەی زەفاردا گەورە ترین

لەزوربەی مەلبەندەخۆشەکانی ئێران بەچاو لێ کەوی لە ژیانی بورژوازی ڕۆژهەلات قومارخانەوکاباره ٠ و ٠٠ و ٠٠٠ ئەو جێگایانەی کە ئایینو مرۆڤایەتی بە خراپیان دەزانن و دامەزراون (زوربەی ئەو جێگایانە مولکی کاربەدەستانی گەورەی ولاتن) بۆ بیرەوەریش لە مانگی مەحەرەمی ساڵی ١٩٦٣ دا پتر لە دە هەزار کەس خەڵکی موسولمان لە شارەکانی ئیران لە لایەکەوە بە سەدان کەس بە تاوانی کرینو فرۆشتنی تریاك و هیروئین نارد ڕۆتە پای سێدارە ٠ کەچی لە ڕاستیدا خزمو قەومی بەریوبەری هەوەلی ولاتودەستو پێوەندەکانیان گەورەترین قاچاخچی تریاك و هیروئینن

بەریوەبەرانی ئێستای ئێران لەلایەکەوە لافی دوستایەتی لەگەل هێندێك ولاتی سوشیالیستی لێ دەدەنو پەیتا پەیتا سەر لەو ولاتانە دەدەنورابەرانی ئەو ولاتانە بۆ ئێران بانگەواز دەکەن ٠ کەچی ئەوڕژیمە بەئاشکرایە یەکێك لە گوی لەهەستترین ڕژیمەکانی سەر بە ئیمپریالیزمە وە دوژمنایەتیکی لەئاشتی نەهاتوی لەگەل گۆڕانیزمو سوشیالیست دا هەیە وە لە ماوەی ژیانی دابە هەزاران کەس تەنیا بەتاوانی بیروبڕوای مارکسیتی شەهید کردوەو هەزارانیشی بۆ ساڵەهای ساڵ لە بەندیخانە تەنگ و تاریکەکاندا هەربەو تاوانە هێشتۆتەوە ٠ ماوەیەك لەمەوبەر (خوسرەوی کولسورخی) شاعیرو نوسەری قارەمان لە بیدادگای ڕژیمدا گوتی (هەمو خەڵکی جیهان بزانن کە من تەنیا بە تاوانی بیروباوەری مارکسیستی لینیستی بە ئیعدام مەحکوم کراوم) ٠ (چەند ڕۆژ

خوسرەوی ڕۆزبێ

م - ن



تێکۆشانی میللەتان ٠٠ قوربانی دانی هەمو کەسێك بو سەربەستیو بەختیاری ٠٠ هەمو بزوتنەوەیەك لە هەر پارچە زەویەکی سەر ئەم ئەستیرەیە دا ئەکرێت ٠٠ یارمەتیو توانایە نزیکترمان ئەخاتەوە لە باوەشی ئاوات و باوەرمان پتەو تر ئەکات بۆ گۆڕ وجوتیارانی گەلی (ئیران)ی کردنی سەرمایەداران و احتکاریە ناچێتەوە کە (خەسرەوی استعماریەکان و شەر ڕۆزبە) بوو لەپێناوی مافی هەلگیرسێنەران ٠

لە بەرئەوەی هیچ سەرسامدا سەر بەرز چووە بەر پەتی نابین کە ئەبینین ئیستعمارەکان نۆکەرەکانیان هان ئەدەن لە وولاتە ژێر دەستەکاندا بۆ ئەوەی دەنگی ئازادی خوازانی ئەو وولاتانە بە ئاگرو بەئاسن کپ بکەن ڕژمی ئیرانیش کە یەکێکە لەو ڕژیمە بەکرێ گیراوانەی ئیستعمار نەك هەر کەمتر خەمی لەم ڕەوە نەکردوە بەلکو هەرچی توانایەکی هەیە خەرجی ئەکات بۆ لێدان و دواخستنی کاروانی ریگای ئازادی گەلانی دەوروپشت بەرەو ئاسۆی روناکی ئەڕۆن خەسرەوی ررۆزبێ ٠٠ ئەو تێکۆشەرە نەبەزەی بەرامبەر ئەو محکەمە عەسکەریەی ئەمری دا بەخنکاندنی ئەلێت ٠

قەزیەی پارتی گەلی ایرانم بۆیە هەلبژارد چونکە لە ناو دەمارەکانما قولپی ئەدا وپالی پێوە نام خزمەتی گەلەکەم بکەم ٠٠ پێویستە دان بە وە دا بنێم کە قەزیەی گەلی ایرانی قەزیەیەکی پیرۆزەو من لە خوینو گۆشتی ئەو پارتیەم (حزب) و ئیشتراکیەتخوازمو بەوپەری دلسۆزیو سەربەرزیەوە خۆشم ئەوێ ٠٠ ڕەنگە من نەژیم تا ئەو ڕۆژەی ئیشتراکیەت لە ئێراندا سەر ئەکەوێ ، بەلام ئەزانم بەوزوانە هەموو شت لە ئیران دا ئەگۆڕرێو سەرمایەدارێتی ئەڕۆخێ ٠

گەلی ئیران هەرگیز قارەمانێکی دلسۆزی چینی کریکاران وجوتیارانی گەلی (ئیران)ی لەبیر ناچێتەوە کە (خەسرەوی ڕۆزبە) بوو لەپێناوی مافی گەلو سەرکەوتنی ئیشتراکیەت لە بەرئەوەی هیچ سەرسامدا سەر بەرز چووە بەر پەتی قەنارەو بوە قوربانی کاروانی ئەکات میژوو نەی دیبی ٠

هەر بڕی یادی قارەمانیتی وخۆبەخت کردنی ڕۆلە دلسۆزەکانی گەلی ئیران بۆ ئازادی وبەختیاریو سەر فرازی هەر بڕی چۆك دا نەدان بۆ ترسو گیان بەخت کردن لە ڕێگای ئازادی ٠

ڕژیمی (ئیران) نۆکەری ئیمپریالیست نەك تەنیا ڕۆلەیەکی قارەمانو خۆبەخت کەری ڕێگای روناکی گەلی (ئیران)ی کوشتبوەو دەربەدەر کردوە ، بەلکو تا ئیستاش بەندیخانەی (قزل قەلعە) داستانو پالەوانێتی هەزاران نەوەی گەلی (ئیران) مان بۆ ئەگێرێتەوە کە چۆن سەر بەرز ڕائەوەستان بەرامبەر هەموو ئەو سەزاو ئەشکنجەیەی ئەیاندراو ڕەوانەی سەر پەتی سێدارە ئەکران ٠٠ بەلام دوای گیرانەوەی ئەو داستانانەش پێمان ئەلێت خۆ بەخت کردنی ئەم ڕۆلە ڕۆشنبیرو جەربەزەو نەترسانە لەپێناوی مافی ڕەوای گەلی ئیرانو چۆك دا نەدانی گەلی ئیران بۆ ڕژیمی بەکرێ گیراوی ئیمپریالیست ولاتی ئیران نزیك ئەکاتەوە لە ئاوا تەکانی خەسرەوی ڕۆزبە وڕژیمی بەکرێ گیراو بە جۆرێ تەفرو تونا

هەرامی سەردانەکەی ئەم دواییەی سەرەك وەزیرانی لوبنان لە تاران چی بو..؟

● ئاوات ●
ئامادەی کردوە

لەدوای گەرانێکی زۆری سەرەك وەزیرانی لوبنان لە ولاتە عەرەبیەکاندا بە سەردانێکی ڕەسمی بەرەو تاران کەوتە ڕێو لەلایەن کاربەدەستانی ڕژیمی تارانەوە پێشوازیەکی گەرمی لێ کرا ٠٠ لەو سەردانەی سەرەك وەزیراندا ئەوە ئاشکرا بوو کە سەرەك وەزیرانی لوبنان دلسۆزی خۆی بۆ ڕژیمو دەسەلاتی ئێران دەربڕیو ئێرانی بە لایەنگیرێکی تەواوی مەسەلەی عەرەبی دانا ٠٠ جالێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە ٠٠

ئایا ئەم سەردانەی سەرەك وەزیرانی لوبنان لە پێناوی چی دابوو ٠٠!؟

بۆ وەلامی ئەم پرسیارە دەتوانین بڵێین سەردانەکەی سەرەك وەزیرانی لوبنان ئەوانی کردنی تەواوی سەردانەکانی پێشوی بوو کە لە خەلیج کردیو لەدواییدا بە کۆتایی بێ هێنا ، چونکە ئەوگەشتەی لەو ناوچانەدا کردی دەوری ڕژیمی ئێرانی بۆ دەرکەوتووەکە تا چ تەندازەیەك هەوڵ ئەدات جولانەوەی ئازادیخوازی بن بر بکات ٠٠

بێ گومان ڕژیمی ئێران لە باری سیاسەتی ناو خۆیو دەرەوەیدا زۆر چاك بۆ گەلانروون بۆتەوەو تێی گەیشتون کە ئەو ڕێرەوەی ڕژیمی ئێران گرتویەتیە بەر بەشێکە لەو سیاسەتەی ئیمپریالیزم نەخشەی کێشاوەو کۆنەپارستان جێ بە جێی ئەکەن ٠٠

لە باس کردنی باری ناوخۆیی ئێران تەنها ئەوەندە بەسە کە بڵێین ڕۆژ نی یە بەدەها تێکۆشەرو نیشتمان پەروەر لە قەسابخانەکانیدا بەدارد ا نەکرێنو سەر نەبردرێن ، جگە لەوەی بە هەزارەها کەس لە زیندانە سیاچالەکاندا دەنالێننو بە جۆرەها شێوەئازار ئەدرێن ، جا هەر لەبەر ئەوەشە کاربەدەستانی تاران ئەیانەوێت هەمان ریچکەی خۆیان لە کەنداوی عەرەبی دابلاو بکەنەوەو پەرەی پێ بدەن ،

جا چ لەبارەی جێنشین کردنی خەڵکی ئێران لە ناوچە عەرەبی یەکانەوە بێت یا خود بە لێدانو شالاو بردنە سەر شۆڕشگێرانی نارچەکە ، کە دیارە ئەوەش وەکو یاریدە دەرێك وایە بۆ جێبەجێ کردنی نەخشەکانی ئیمپریالیزمو دیکتاتوری لەو ناوچانەدا ٠٠

بەلام وەکو دەر کەوتووە سەرەڕای ئەو هەولو تەقەللایەی ڕژیمی دیکتاتوری تاران دژی جولانەوەی رزگاریخوازان ئەیدات کە چی ڕۆژ بە ڕۆژ دەسەلاتی ئێران کەم تر ئەبێتو شۆڕشگێران باوەریان پتەو تر دەبێتو سەرکەوتن دوای سەرکەوتن بەدەست دێنن ، بەلام

بەلام ئایا ئەو کۆمەگیەی ڕژیمی ئێران دەیکا لە لوبنان بەنیازی پێشکەوتنو گەشەکردنی ئابوری گەلی لوبنانە یانەخۆ بۆ ئەوەیە کە لە ژێر ئەو پەردەیەدا نیازو مەرامەکانی ئیمپریالیزمی ئاغای ڕژیمە کۆنەپەرستەکەی خۆی بپێنێتەدی ٠

ڕژیمی دیکتاتوری ئێران دەیەوێت لە لایەکەوە لە پەنای ئەوەدا سود لەباری ناوخۆی ولاتەکان وەربگرێتو بازارو بازرگانی خۆی لەو ولاتانەدا گەرم بکاتو لەلایەکی تریشەوە چاو بەستی ئەو ولاتە عەرەبیانەی پێ بکات بەرامبەر بەو تەجاوەزکاریو تاوانەی لە داگیر کردنی دورگەکانی خەلیجی عەرەبی کردویەتی ، بۆیە دەیەوێت بەهۆی ئەم سەردانەی سەرەك وەزیران پەیوەندی لەگەل لوبنان دا بەهێز بکاتو ئەویش بەهەلە ببات ٠

insitituti kurde
de paris

لاپەڕە - ٢ -

لەگەل ناودارانا :

(بەبۆنەی تیپەربوونی (٣٠)ساڵ بەسەرکۆچیدا) خوا لێ خۆشبو عەبدول واحد نوری لەریزی هەرە پێشەوەی ئەدیبە پێشکەوتن خوازەکان وروۆشنبیرە ئازادیخوازەکانو خەبات کەرە تێکۆشەرەکانی جولانەوەی نیشتمانیی ئەژمێررێت مامۆستای گەورە لەساڵی ١٩٠٤لە شاری سلیمانیدا هاتۆتە دنیاوە کە باوکی فەرمانی‌یەزدانی بە جێ هێنا ئەم هێشتا منداڵ بوو ، نوری علی خاڵی کەئیستا دەرمانخانەی هەیە لە سلیمانی گرتیە خۆی وبوو بەخەمخۆری نووسینی وەرئەگێڕایە سەر کوردی ٠ بەڵێ ع٠ و٠ نوری لە چوار چێوەی دیوارەکانی قوتابخانە دا مامۆستایەکی نموونە بوو لە خۆ ماندو کردنو خۆ توانند و هدا بۆ فێر کردنی قوتابی ،کە شتێکی خوارو خێچ یا درۆو دە لەسە یاخود ساختەو قوتابخانە دا بوو بێت ، بەڵکو لە دەریشەوەی بوو ، هەموو جارێك وتوویەتی (من ئەمرم بەلام میللەتەکەم‌هەرگیز نامرێت کە وا ابوو پێویستە هەموو توانای خۆمان لە رێی خزمەتی گەلەکەماندا بەخت بکەین) هەروەها وتوویەتی (مرۆی تەواو ئەو کەسەیە کە هەر بۆ خۆی نەژی) ٠

عەبدولواحید نوری

جەمال بابان

عەبدول واحد منالێکی‌زەیرەکو وریاو خاوەنی هەستێکی ناسك بوو ، لە قوتابخانەدا بەباشی رۆیشت تاکو داخلی (دار المعلمین) بوو ، کە تەواوی‌کرد ، لە هەڵەبجە بە مامۆستا دامەزرا ، دوای بەینێك گوێزرایەوە بۆ سلیمانی جا چونکەپیاوێکی نیشتمان پەروەرو‌راست وساغو راست گۆ بوو کرا بە جێگری سەرۆکی‌شارەوانی لە شاری سلیمانیدا بەلام لەبەر ئەوەی ئەم جۆرەرەوشتە پەسەندانەو ئەو پاکی وراستیە لە هەندێك شوێنداوله لای هەندێك کەس خۆی نیە لە جیگایەکدا کە بۆ سوودی‌تایبەتی چەند کەسێك تاکاروبار خوارو خێچ بڕواو (واسطە)ئیش بکات ، پەسەند ترە لەبەر ئەوە نەیتوانی ئەوەندە لەوشوێنە دا بمێنیتەوە گیررایە وە بۆ قوتابخانەو کرا بە مامۆستای(فیصلیە) لە سلیمانی ، دوای ئەوە گوێزرایەوە بۆ چوارتا ،زۆری نە برد هێنایانەوە سلیمانی ، لەم کاتەوە ئیترمیکرۆبی دەردی سیلی دوا بڕاو دەستی کرد بە تەنینەوە لەجەستەی لاوازو بێ جورمیدا بە جۆرێك بلاو بوە وە تاکو هەموسیەکانی داگیر کرد و لەرۆژی ٥-٧-١٩٤٤دا وا تا پێش (٣٠)ساڵی رەبەق دای بە عەرداو هەتاسەی لە سنگی پڕ خیزەوکۆکاوی بڕی کە تەمەنی لە چل ساڵ تێپەڕی نە کرد بوو ،لاشەی زەردو رەقو تەقی لە دوو تۆی گردی سەیواندا لەسلیمانی‌شارایەوە و چوە پاڵ دەیەها لە رۆڵە خێر نەدیوەکانی‌نیشتمان ٠ مردنی مامۆستا خەمو خەفەتێکی زۆری بۆهاوریکانو دۆستەکانو قوتابیەکانی بە جێ هێشت کەتا ئیستاش بە شانازی‌و بەرز پیارۆانینەوە یادی ئەکەنەوەوئامۆژگاریە بە نرخەکانی ئەڵێن‌و ئەڵینەوە ٠ لە کاتیکدا عەبدول‌واحد نوری ریگای پێشکەوتن خوازی‌و (یسار)یەتی گرتبو ،وەك بڕوایەك ئیمانی پێی بوو ، بە پێرەویکی پڕ بایەخو سوودی‌دا ئەنا بۆ میللەتەکەی ، لەو ریگایە دا تێ ئەکۆشاو ئەرەنجا بە بێ وەستانو کۆڵدان بێ ئەوەی چاوی لە دەست کەوتی‌تایبەتی بێ یاخود (انتهازیەت)ی تێکەڵاو بکات ، ئا لەو کاتانە داکەم کەس مانای ئەو رێبازەی ئەزانی‌و هەموو کۆرێك زاتی‌ئەوەی نەبو خۆی لە قەرەی ئەو جۆرە ریگایانە بدات ٠ هەر لەرۆشنایی وتیشکی ئەو بیرو باوەرەشەوە بوو ، قەلەمەکەی‌ئەخستە کارو ئەینوسی یاخود کەردی بۆوە بە نووسینەوەی یادداشتەکانی ، بە گوێرەی‌ئەوەی رۆژنامەی فیگاروی فەرەنسایی ئەی گیرێتەوە ، بەشێکی‌تەواوی یاداشتە کانی بابلۆ برێتی‌یە لە باسی شەهید کردنی سلفادۆر ئەلێندی سەرۆکی کەلی شیلی بە دەستی فاشستەکانو لەکەل باسی هەندێ لە هاوری ئەدیبەکانی بابلۆ خۆی ، وەك لورکاو ئەلبیرتی ، ئیلوار ، ئەراگۆن وهەندیکی تر ٠٠ وە بەشێکی تریش برێتی‌یە لە ئینتباعاتی شاعیر دەربارەی ئەو ولاتانەی بە میوانی سەری لیداون ودیدەنی کردوون ، وەك یەکێتی سوفیات‌و هندوستان‌و ئیسپانیا ٠٠ ئەم هەلبەستەش یەکێك لەو هەلبەستانەی شاعیرە لە رۆژانی دوایی ژیانیدا تۆماری کردووە ٠٠

فروفێڵی بدیایە زوو هەڵئە چوو پێی هەزم نە ئەکرا وە خەڵك ئەمەیان لێ ئەکرد بە کەمو کوری‌و (لقب) لێ دەر هێنان کەوا توڕەو کەللە شەقو (عصبیە) بەلام هەموو راستی‌و دلسۆزی بوو کە ئەو پیاوەی پاڵ پێوە ئەنا ، ئاوا سوور بێت لە سەر رێڕەوی خۆی وە نە بێ هەوری) وجلال محمد سیف تێکۆشانی مامۆستا هەر لە ناو الله) ٠

جگە لە وانە دوو کتێبی وەرگێڕایە سەر کوردی (لە وولاتی ئادەمیزادە سەربەستەکان) و (مناقشات في القضیە الوطنیە) ئەمە جگە لە کۆمەڵێك کتێبی قوتابخانە کە هەر خۆی بە تەنها وەری ئەگێران یا خود بە یارمەتی مامۆستایان (أ٠ب هەوری) وجلال محمد سیف تێکۆشانی مامۆستا هەر لە ناو الله) ٠

ئەمە کورتەی باسێکی دورو دریژە لەناو میژووی میرنشینی ئەردەلانیەکانا کە لە کتیبێکی دەست نووسی فارسیەوە وەرگیراوە ٠

●

لە ساڵی ١٠١٩ی کۆچیدا بنەماڵەی سەفەویەکان حوکمی ئێرانیان ئەکردو شاری ئەسفەهان پایتەختی کیشوەری ئێران بوو ، شا عەباسی‌سەفەوی نوسراوێکی دۆستانە بۆ باوکی خان ئەحمەد خان ئەنێرێ ، لەو کاتەدا ئاوایی خورماڵی ئیستا لە بناری شارەزور پایتەختی زستانەی ئەردەلانیەکان بووە ٠ لەسەر داخوازی شاعەباس ، خان ئەحمە خان کە لاوێکی تازە پێ گەیشتوی سەرەرۆ بوو ئەچێ بۆ ئەسفەهانو لەوی کلاوزەر خانمی خوشکی شا عەباس مارە ئەکات‌و ئەیگویزیتەوە :

شا عەباس لەم خزمایەتیە تەنیا مەبەستی ئەوە بوە کە بەهۆی ئەم ژن‌و ژن خوازیەوە دەست بژەنێتە ناو کاروباری ناو خۆی میرنشینی ئەردەلانیەکانەوە ٠٠

لە کاتی گەڕانەوەی خان ئەحمەد خان شا عەباس داوای لێ ئەکات‌کە گەیشتەوە خورماڵ باوکی لەسەر تەختی میرنشینی دا بگرێ‌و بی نێری بۆ ئەسفەهان‌و خان ئەحمەد خان خۆی ببێتە ئەمیری ئەردەلانیەکان ٠

خان ئەحمەد خان سێ جار بۆ دەس بەسەر کردنی باوکی کەوتە خۆ بەلام پیلانەکانی ژێر کەوتن‌و رای کردو ناوچەی خورماڵی بەجێ هێشت ٠٠ بە دزیەوە پەیوەندی بە ژمارەیەك لە سەرەك عەشیرەتەکانی دەورو بەری‌و خەڵك‌و ئەمو ئەو کردو بۆ چوارەمین جار لەشکرێکی زۆری کۆ کردەوەو گەمارۆی نیمچە شاری‌خورماڵو زەلمی دا ٠٠

خان ئەحمەد خانی زەلم

بەلام ئەوکاتە شورایەکی گەورە بە دەوری خورماڵو زەلمدا دروست کرابو کە لە تەنگانەدا دەروازەکەیان سەر کلوم ئەکردو ئیتر کەس هاتوچۆی نەئەکرد ٠٠ لەشکری خان ئەحمەد خان لە دەرەوەی‌شوراکەبوو ٠٠ ماوەیەك خورماڵو زەلم گەمارۆ درا، خەڵکی ناو شوراکەبێزار بون ٠٠ مەڕومالات زیانی کەوتە مەترسیەوە ٠ گرانی‌دەستی پێ کرد ، مەلاوەیسی کە میرزاو راویژکاری ئەمیری‌ئاردەلانی بوو پیلانێکی سازکرد کە دەروازەی گەورە بکرێتەوەولەشکری خان ئەحمەد خان بێنە ژورەوە ، پێی زانراو کوژرا ٠٠دایکی خان ئەحمەد خان بە هاوکاری هەندێك لە سەرکردەکانی دەستو پێوەندی خۆیان دەرگای بۆلەشکری خان‌ئەحمەدخان کردەوەو لەشکر قلمەی کردە ژورەوە ، باوکی خان ئەحمەد خان بالبەس کراو ناردیان بۆ ئەسفەهان ٠٠ شاعەباس لە زیندان دایە ،

لە ساڵی ١٠٢٥ی کۆچی خان‌ئەحمەد خان بوو بە ئەمیری ئەردەلانیەکان کلاوزەر خانمی‌خێزانی هێنایە زەلم ٠٠ بەلام سورخابی کوری لە ئەسفەهان‌مایەوە ٠٠ سورخاب منداڵ بوو هەمو روژ سەری لە باپیری ئەداکە زیندان کرابوو ٠٠

لە ساڵی ١٠٣٩ی کۆچی‌سورخاب ویستی تۆڵەی باپیری لە شا عەباس بسێنێ پێی‌زانراوگیرا ٠٠ شا عەباس چاوەکانی هەڵکەندو بە کوێری ناردیەوەبو شارەزور ، (کتاب مردوخ بەرگی دووەم) کە ئەم روداوەباس ئەکا دوو دێڕ شیعری فارسی بە زمانی خان ئەحمەدخانەوە ئەگێڕێتەوە ئەمە کوردیەکەیەتی ئەڵێ :

(ئەی روناکی چاوەکانم من بەبێ روناکی چاوی تۆ چی بکەم) ؟

ئەو ساڵە شیت ئەبێو ساڵی١٠٤٠ چاك ئەبیتەوەو حوکم ئەگرێتەوە دەست خان ئەحمەدخان لەشکرێکی گەورە ساز ئەکاتو بەرەو ئەسفەهان‌ئەکەوێتە رێ ، لە شاری سنە قۆناغێکی شەڕ گەرم ئەبێوفارسەکان بەرگە ناگرن را ئەکەن ٠ لە هەمەدان لەشکرێکی‌زۆری فارس‌بەرەنگاری لەشکری خان ئەحمەد خان ئەبێو چەندرۆژێك بگرەو بەردە دەست بێ ئەکاتو لە ئەنجاما لەشکری‌ئەردەلانی سەر ئەکەوێو کەمارۆی شاری ئەسفەهان‌ئەدەن ٠

بە پێی ریکەوتنێکی نهینی لەشکری‌تورك لەبەری رۆژئاوای سنوری میرنشینی ئەردەلانیە کانەوە لوت ئەژەنێتە ناوچەکانی هەولێرو رەواندز لە خوارەوەش لەشکرێکی بێگانەی تر (٠٠٠٠) خۆی گورج ئەکاتەوە ، کە خان ئەحمەد خان بەمەی زانی لە

بڕوانە ل : -٧-

خۆشەویستی

خۆشەویستی ئەو ووشە سادەو ساکارە جوان‌و ناسکەیە کە لە مێژەوە شاعیران‌و هونەرمەندان بە هەزاران ووتارو نامیلکەیان لە سەر نووسیوەو بە سەدان تابلۆو پەیکەریان بۆ درووست کردوە ، تەنانەت‌تاکو ئیستا لە مانای قووڵو فراوانی ئەم ووشە جوانە کەراستی‌و پاکی‌و دلسۆزی ئەگەیەنێ ئەکۆڵنەوە ٠

زانایانی دەروون‌و پسپۆرەکانی دنیاش هەر لە سەر ئەو باوەڕەن کە « ژیان بێ خۆشەویستی دۆزەخێکی سەرو مڕە » ٠

مارف ناسراو

جۆش‌و کوڵی ئەم ووشەیە هەستی هەردی شاعیری لەم نیو دێرە دا جوولاندوەو ئەڵێ « خۆشەویستی واتە نامەی خوایە بۆ پیغمبەران ٠٠٠ » جا لێرەدا وبەم چەند دێرە کورتە ناکەینە ئەو دەریا پان‌و بەرینەی کە ناوی خۆشەویستی‌یەتەنانەت ئەم چەنددێرە چەند دڵۆپیکی هەڵ هێجاننی ئەو دەریاچەیەیە کە هەستی مرۆڤانی هۆشمەندی هەژاندوەو خۆیان لە پێناویدا بەخت کردوەو رازی بوون بە دەربەدەری‌و برسێتی ٠

ئەگەر خۆشەویستی نەبوایە سەربەستی وئازادی وشۆرش ویاخی بوون وبەگژا چوون بۆ لەسەرانسەری ئەم زەمینە بەرپا دە بوو ٠٠؟

ئەمە ئەو راستی‌یەمان پێ دەسەلمێنێ کە بنچینەی هەموو گۆڕانەکانی کۆمەڵ بەندە بە خۆشەویستی‌یەوە تا مرۆڤ هەناسەیەکی تیا دا بمێنێ خۆشەویستی هەوێنی تیکۆشانە لە ژیانا بۆ هەموو هیواو ئاوات وخەو نەکان ٠

جا من ئاوا بڕوام بە خۆشەویستی‌یەو هەمو مرۆڤانی دنیاشم خۆش دەوێ جگە لە وانەی دوژمنی « خۆشەویستی» ین ٠

ئەی کۆیلەکان ...!

ئەی کۆیلەکان
خاوەن بیرو باوەڕەکان
تاکەی ئەبن بە کەرەستەی
بەرهەم هێنان ، بۆداگیرکەر ؟
تاکەی ئەبن بە پارچەیەك
لە چەکی لەشکری دوژمن
تاکەی باوەڕی پیرۆزتان
بتاسێنن ٠٠٠!
تاکەی مەچەکی بەهێزتان
لە زینداناسەر کلۆم کەن

+ +

وەرن ٠٠٠
وەرن ئێمەش وەکوئێوەین
لەم کیشوەرە فراوانەی باپیرانمان
بستێك زەوی خۆمان نیە
لەم چوار دیوارە ئازیزەی ژورەکەمان
جێمان نیە
لەناو دەفتەری نووسراوەی مرۆڤانا
ناومان نیە

+ +

وەرن داستانێکی تازەی
خوێن‌و ئاگر
لە لاپەڕەی رۆژ بنووسین

+ +

وەرن ٠٠ وەرن ٠٠
با سەر لە نوێ
میژووی خۆمان
بوونی خۆمان
ژینی خۆمان
نەخشەی خۆمان ٠٠٠
دروست بکەین ٠٠

+ +

ئێمە خەڵکی کوردستانێکی شێرزەین
دارو دەوەنمان سووتاوە
دەموچاومان کڕوزاوە

+ +

هەرچەن دوژمن لە رووی (دەریا) !
نەخشەی سنوورمان بکێشێ
هەر تێك ئەچێ ٠٠هەر تێك ئەچێ

- ئاگر -

بە غەمزەی چاوی مەخموری
سیاهی مەستی مەی کردین
بە ماچی لیوی موستەغنی
لە ئەنواعی مەزەی کردین

تەنانەت ئەڵێن جارێك دێتە دەرەوەو لەبەر هەتاوی دەشتی بەهەشتی مەریوان‌دا دەرس بە قوتابیەکانی ئەڵێتەوە ٠٠ ئافرەتێکی‌شۆوخ‌و شەنگ‌و جوان بە کۆزەیەك ئاوەوە بەو ناوەدا تێ ئەپەڕێ‌و (ناری)ش جوانی ئەم ئافرەتە زۆر کاری لێ‌ئەکات و شێتێکی نایابی بۆ ئەنوسێ کە دوایی‌یەکەی بەم دوو دێڕە هاتوە

ئاورێك لە رابوردو

ناری

مەجید نەدیم

ناری خۆی لە بنچینەدا لە مامۆستا (مودەرس) ٠ دێی (ساوجی کۆن) لە ناوچەی مەریوان ساڵی ١٨٧٤ هاتۆتە دنیاوە٠٠وەك فەقیەکانی ئەو سەردەمەو شێوەی خوینەواری‌ئەوسا ٠٠ بەشوین خویندن‌و فێربون‌و زانیندا گەڕاوە لە مەریوان‌و سنەو پینجوینەوە تا شاری سلیمانی چووە کە لەوێ لەمزگەوتی شیخ باباعەلی ئەمێنێتەوە دوایی ئەگەڕێتەوە سنەو سەریکیش لە سابلاغو وانو باش‌قەلا ئەدات‌و دێتە هەولێرو رەواندوز لە رەواندز ساڵی ١٨٩٧ ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتوە ٠ لە پاشان ئەگەڕیتەوە مەریوان‌و لەدێی (کیکن) دائەنیشی‌و هیندەی پێ ناچێ لەسەر داخوازی حسین بەگی (بیلو) ئەچێتە دێی (بیلو) وەئەبی بە ناری شاعیریکی هەڵکەوتوی زەمانی خۆیەتی لە شێوەی کلاسیکی‌دا شان بەشانی شاعیرانی ئەو سەردەمەی خۆی شیعری وتوە ٠٠ جا ئەگەر شیعرەکانی لەشێوەی داڕشتن‌و تواناو مانادا لە شیعری شاعیرەکانی سەردەمی خۆی پێش کەوتوتر نەبوبێت مویەك لەوان کەمتر نیە ٠٠

ناری هەمیشە کۆڕی ئەدەبی‌و دۆستایەتی ئەدەبی گەرم بوە بەتایبەتی لەگەڵ (تایەر بەگی جافو قانع)دا تەنانەت لەگەڵ تایەربەگ بەدوو قولی شیعریان داناوە :

خەتی دەرسی عەشقی ناری
وەك رقومی خاڵەکەت
وا بە لەوحەی گەردنی بێ
گەردی وەك میناتەوە

ناری شاعیریکی هەڵکەوتوی زەمانی خۆیەتی لە شێوەی کلاسیکی‌دا شان بەشانی شاعیرانی ئەو سەردەمەی خۆی شیعری وتوە ٠٠ جا ئەگەر شیعرەکانی لەشێوەی داڕشتن‌و تواناو مانادا لە شیعری شاعیرەکانی سەردەمی خۆی پێش کەوتوتر نەبوبێت مویەك لەوان کەمتر نیە ٠٠

ناری ٠٠ شیعرەکانی زۆر تەڕو ناسکن ٠٠ لەگەڵ ئەوەی کە زۆر ئاینی بوە بەلام جوانی ئافرەت وەك جوانی سروشتی ولاتەکەی لە شیعرەکانیا دیارن

نەفەس سەمتورە سینەم
سازوو دڵ نەی
حکایەت خوانی دەوری
تۆن پەیا پەی
چشیرینە لەگەڵ شەهدی
حوزورا
لەمن خەندەو لە تۆ ئاوازی
ئۆ خەی
ئەگەر سایەی سەری تۆ بێت
بە تاجم
چ موحتاجم بەتاج‌و ئەفسەری
کەی
غەزەل قەت نابڕێ هەرگیز
بە بالات
ئەزانم بۆ کەوا مایل بە
تاقەی
لە مەیخانەی خەیالی شەوقی
تۆدا

بڕوانە ل : -٧-

یادداشتەکەی بابلۆ نیرۆدا

بەگوێرەی نووسینی‌رۆژنامەی (فیگارۆی) فەرەنسایی یەکێك لە خزمەکانی بابلۆ نیرۆدا توانیوێتی یاداشتەکەی بابلۆ لە چنگی‌فاشستە نوێیەکانی‌شیلی قوتار بکاتو رایفرێنی بۆ ئەو دیو سنووری شیلی، وەك خەڵك ئاگاداره بابلۆ لە ساڵەکانی (١٩٦٠)ەوە لەسەر خواستی رۆژنامەی (کرۆزیرۆی) بەرازیلی دەستی دا بووە نووسینەوەی یاداشتەکانی و بۆ ماوەیەك لە تۆمار کردنیان راوەستیا بوو ، هەتا چەند ساڵی پێش مردنی دووبارە دەستی کرد بۆوە بە نووسینەوەی یاداشتەکانی ، بە گوێرەی‌ئەوەی رۆژنامەی فیگاروی فەرەنسایی ئەی گیرێتەوە ، بەشێکی‌تەواوی یاداشتە کانی بابلۆ برێتی‌یە لە باسی شەهید کردنی سلفادۆر ئەلێندی سەرۆکی کەلی شیلی بە دەستی فاشستەکان‌و لەکەل باسی هەندێ لە هاوری ئەدیبەکانی بابلۆ خۆی ، وەك لورکاو ئەلبیرتی ، ئیلوار ، ئەراگۆن وهەندیکی تر ٠٠ وە بەشێکی تریش برێتی‌یە لە ئینتباعاتی شاعیر دەربارەی ئەو ولاتانەی بە میوانی سەری لیداون ودیدەنی کردوون ، وەك یەکێتی سوفیات‌و هندوستان‌و ئیسپانیا ٠٠ ئەم هەلبەستەش یەکێك لەو هەلبەستانەی شاعیرە لە رۆژانی دوایی ژیانیدا تۆماری کردووە ٠٠

بێزارم لە دڵ رەقی دەریا و
ئاڵۆزی زمین
بێزارم لە - مریشك -
هەرگیز نازانین بیر لە چی
ئەکاتەوە
وا بە سووکی تیمان ئەڕوانی
هەروەك هیچ نەبین ٠

●

تەنیا جارێك مۆڵەتمان بەن
- داوێن گیرتانم -
بابێزار بین لە شتە خۆشە
رەزا قورسەکان‌و
پەروەردە کردنێکی چاك ٠

●

دوایی تەمەنە ، باراستی
بڵێین
ئەوەندمان بایەخ نەداوە
بەم رۆژگارەی
لە مێش‌و حوشتر ئەچێت ٠

●

پەیکەری وام دیوە

بڕوانە ل : -٧-

جیرۆکی منالانە

- لە فارسیەوە وەرگیراوە - منالە خۆشەویستەکان ، سەرتان نەیەشێنم ٠٠

داپیرەیەك پیچوە پشیلەیەکی جوانکیلەی نەخشینی بەخیۆ ئەکات‌و هەمو رۆژێك تریتی ماستی بۆ ئەکات‌و لە بازاڕ گۆشتی بۆ دێنێتەوەو شەوانە لە باخەڵ خۆیا ئەی خەوێنێ ٠٠

بەم جۆرە تاکو پشیلەکە گەورە ئەبێو ئەکەوێتە گەڕان بەم لاو بەو لادا ٠٠

رۆژێکیان پشیلەکە لە دڵی خۆیا ئەڵێ :

ئەوە بۆچی من لە ماڵی ئەم پیرەژنە هەژارەدا ژیانم ببەمە سەرو نەچم لەتاو باڵەخانەیەکی گەورەی خۆشا ! یان لەماڵە میرێکدا لەگەڵ دەستو پێوەندەکانا هەر پاش خوان بخۆم !! درێژەی نەدەمی ، ماڵی داپیرە بەجێ دێڵێو روو ئەکاتە باڵەخانەی ماڵی میر ٠٠ کە ئەچێتە باخچەکەی ماڵی میر خزمەتکارەکان لە پەنجەرەی لای دیوەخانەکەوە چاویان پێی ئەکەوێو لەناو خۆیانا گەرەو ئەکەن بزانن کامیان دەستی زۆر راستە ، دەست راستی خۆیان بە پشیلەکە تاقی ئەکەنەوەو ئەیدەنە بەر تیر ٠٠ هەرچەند پشیلەکە بەم لاو لادا رائەکات‌و ئەیەوێ خۆی دەرباز بکا بەلامچەند تیرێك ئەی‌پێکی‌و لە چەند لایەکەوە لەشی بریندار ئەبێو خوێنی پیا ئەچۆڕێتەوە ٠

بڕوانە ل : -٧-

institut kurde de paris

توتن کردن له کوردستاندا

مام وەسمان

● ئەم باسە لەبەر رۆشنایی تاقی کردنەوەی (عەمەلی) چەند ساڵێك دا کە توتنەوان بوم نووسراوە ..

لەبارەی مەسەلەی توتن و جۆری پەروەردە کردنیەوە گەلێك وتار نوسراوە .. هەندێکیان پڕ بە پڕی مەوزوعەکە و واقیعی باسەکە بووە بەڵام هەندێکیان چیڕ بڕی کردوەو بەلاشانی راستی باسەکەدا رویشتووە ..

لە بەرئەوەی توتن سامانێکی ناو خۆیی وڵاتەکەمانەو کەرەسەیەکی پێویستی ژیانمانە بۆ ئەوە نەشێ ئەوەی شتێك لەبارەی بەرهەم هێنان و جۆری پەروەردە کردنی توتنەوە بزانی وەکو ئامۆژگاری نیشانی بدات و رابەری برا توتنەوانەکان بکات ، کە بەو جۆرە سەر بەرشتی بەرهەم هێنانی تووتنە کەیان بکەن بۆ ئەوەی لە ئیش و کارە کەیانا سەرکەوتوبن و بەروبومەکەیان زیادبێ و چارە سەری گیروگرفتەکانیان بکەن ..

(من) لە نووسینی ئەم باسە دا هیچ نوسراویکی پروفیسورە کشتوکالیەکان بە بەلگەو سەرچاوە ناهێنمەوەتەنیا پشت بەو مومارەسە عەمەلیەی ئەو چەند ساڵەی خۆم ئەیبەستم کە بە وردی سەرنجی جۆری بەرهەم هێنان و تاقی کردنەوەکانم داوە ..

ناوچەکانی کوردستان هەموی بۆ توتن دەست نادات .. ئەو ناوچانەی کە گەرمە سێرن وەکو دەشتی گەرمیان و بیتوین و تەنانەت دەشتی شارەزوریش بەباشی بەکاری توتن نایەن ..

دەشتی شارەزور ئاوو هەواکەی بۆ توتن سازگار نیە پێمان نا دوولایی هاوین بەشەوا زور سارد ئەبێ و هەر لە سەرەتای هاوینیشەوە بە رۆژ زۆر گەرم ئەبێ .. ئەم دوو هەواییەی ئەیتە هۆی زەوی بەهرەدار لەگەلیا بگونجێ .

لە سەرەتای مایسەوە شەتل لیدان لە هەندیك ناوچەی گەرمدا دەست پێ ئەکات بەڵام کە مانگی مایس دوولانە بوەوە لە زور بەی ناوچەکانا شەتل لیدان دەست پێ ئەکات .. تا کۆتایی بەهار شەتل لێ ئەدرێ کە پێمان نا هاوین ئیتر کاتی شەتل لیدان بەسەر ئەچێ ئەگەرلیش بدرێ وەکو ئەو توتنە نایەتە بەرهەم کە هەراش لیدراوە .

ئەبێ لە دوای شەتل لیدان وسێ پاراو کردن توتنەوانەکان ئاناداری ئەوەبن کە نەختێك توتنە گوزبەکەیان تیغووبکەن و نەیەڵن بەئاو بکەوێ چونکە ئەگەر لەو سەرەتایە دا توتن بە ئاو کەوت ئیتر خێری ببەخشە رەوە . ئەگەر کەلای توتنە کۆرپەکە زەرد بوو لە گەرمای نیوەڕۆ دا سیس بوو ئەوە بەئاو کەوتوە پێویستە پاچە کۆڵە یان ناو کەندێکی دێراوەکانی بکرێ بۆ ئەوەی ئەو رتوبەتە زیادەی وەری گرتوە کەرمای رۆژ لی وەربگرێتەوە ، وە نابێ ئاو بدرێ تاکو رەنگی کەلاکانی رەش دا ئەگیرسێ .

ئاو داشتنی تووتن بە گەرمای نیوەڕۆ دا زیانێکی زۆر بە توتن ئەگەیەنێ وە بەتایبەتی لەو ناوچانەدا کە گەرمە سێرن .. خۆ ئەگەر دێراوەکە ئاوی زۆر تێ بکرێ و ئاوەکە بە سەربەستی دێراوەکە دا بڕژێ ئەواتووتنەکە دا ئەمرکێتەوە .. تا ئەگونجێ بەشەو دا ئاو بدرێ باشترە ..

تووتن لە رۆژی لیدانیەوە تاکاتی شریت لیدانی (واتا کردنی بەشریتەوە) دوو مانگ نەخایەنێ .. داری چەرداخ ئەبێ شانێکی لە رۆژ هەلاتەوەو ئەوشانەکەی تری لە رۆژ ئاواوە بێ بۆ ئەوەی هەتاوکە دیوی ناوەوەی شریتەکان بگەزێ و هەمویان یەك رەنگ بن .

کاتی گەلا شکا ندنەوەی تووتن باشترین کاتی بەر لە هەتاو کەوتنە ، ئەگەر لە گەرمای نیوەڕۆ دا تووتن بشکێتەوە لە رەنگ و کێش و تامەکەیدا وەکو تووتنی شکاوەی بەر لە هەتاوکەوتن دەر ناچێ .

ئەو شریتە توتنانەی کە لێ ئەدرێن چەند مەرجێکی تایبەتیان هەیە وەکو ئەبێ شریتەکە بدرێ لە دەمارەکانی ویەك بابەت نەخۆش کەوتنی توتن و گەشەی پێ ناکاو رەنگی ئەگۆڕێ ، جگە لەوە کە ئاوی شارەزور بۆ توتن جێگای خۆی ناگرێتەوە . لە دەشتەکانی شارەزورا شەقەجۆکای گەورە گەورە هەیە کە ئەم جۆکانە ئەبنە هۆی گەرم کردنی ئاوەکەو ژەنگار کردنی ، لەبەر ئەمە توتنی شارەزوور ناتوانێ وەکو پەلە توتنێکی ناوچە کوێستانیەکان گەشەبکات ..

هەر چەندە توتنی شارەزور بە بالاو گەلاو قیافەدا لە توتنی زۆر جێگای تر بەرز ترە بەڵام کێشی سووك و رەنگی سوور و بێ شمیلەیە .

ناوچە فێنکەکانی وەکو خوشناوەتی و ماوەت و هەورامان وپێنجوێن و شارباژێر وقەلادزەئەمانە بە هۆی ئەوەوە کە زەمینەی ئاوو هەوایان ناگۆڕێ و ئاویان ساردو سازگارە تووتنی بەتامو بەکێش و جوانیان تیاهەل ئەکەوێ .. هەر چەند گەرمای هاوین بەرۆژ زۆر بێ ئەوەندە سودی بۆ توتن هەیە بەمەرجێك لایەنەکانی تریش وەکو هەوای شەوو ئاوی ساردو لێ بدرێن نەك هەندێکیان خاوو هەندێکیان توند بێ توتنەکە رەش بکاتەوە ..

ئەو توتنەی کە ئەخرێتە ناو زیندانەوە ئەبێ لەوە دلنیابین کە بە تەواوی دەمارەکانی وشك بۆتەوەو گورزەکانیشی لە چوار تا پینج شریت زیاتر نە بێ .. وە ئەبێ پارچە حەسیرێك یان گونیەیەك بە ناو زیندانەکە دا رابخرێ بۆ ئەوەی ئەگەر گورزەیەك یان شریتێك کەوتە خوارەوە نەکەوێتە سەر زەویە کەو لە خەسار بچێ .

لە بەشی دووەمی هاوین دا لە هەندێك ناوچە دا گیا کەلە پەیدا ئەبێ .. تا ئیستە لە گوردەواریدا چارە سەری گیا کەلە نەدۆزراوەتەوە . بەڵام لە هەندێك شوێنا دوجار لە سەریەك توتنەکە ئاو ئەدەن بەمە گیاکەلەکە توشی نەخۆشی دێت و لاواز ئەبێ ولەوانەشە بفەوتێ .

تووتن دووشەو یان سێ شەو لە زیندانا ئەمێنێتەوە وئینجا ئەخرێتە ناو سنوقەوە بۆ ئەوەی قەوارەی فەردە توتنەکە رێك وپێك بێ پێویستە یەکێکی شارەزا سنوقەکە دابگرێتەوە ، وە ئەو گەلا توتنانەی کەرەنگیان رەش وەیان ناشیرینە لە کاتی داگرتنەوە کە دا لا ببرێن ، دوای ئەوە توتن لە فەردە دا گیرایەوە نابێت بخرێتە بەر هەتاوو هەتاو کاری تێ بکا . چونکە گەرم ئەبێ و لە ناوەوە خۆی ئەخواتەوەو ئەرزێت بە سەر یەکا .

لە هەندێك شوێن دا دروشمی توتنەوانەکان ئەمەیە (زۆر بێ بۆر بێ) واتا تەنیا مەبەست ئەوەیە توتنەکە زۆر بێ ئیتر رەنگی یان تام وبۆی هەر چۆن بێ گرنگ نیە ! ئەمە نیشانەی مال ویرانی و رەنج بە با رۆیشتووی ئەو توتنەوانانەیە چونکە لە سەری وەرزا لە رەنجەکەیان ناحەسێتەوە ..

ئەم باسە پێویستی بە زۆرن ئەکرد لە سەری بنووسرێ بەڵام لاپەڕەی روژنامە لە بارەی باسێکەوە هەر ئەوەندە ئەتوانی لاپەرەکانی خۆی بۆ تەرخان بکات .

١٧٥٠ قوتابی کچ وکوڕ لە ئوردوگای خالیسە دا بە شداری ئیش کردن دەکەن

ئوردووگای هاوینەی قوتابیان لە خالیسە ، کە بۆ تەواوکردنی ١٠٠ خانوو بۆ جوتیاران و ئوردوگاکەدا ٢٠٠ قوتابی کە ئەنریت ، لە هەموو بارێکەوە هەلگۆلین و کۆکردنەوەی ریکخراوە .

ئەوەی شایانی باسە دووەم پیشکەش کردنی هەندی لەو یارمەتی بدری .

پەتاتەش کۆبکەنەوە . وە لەگەل ئوردوگایانە لەکاتی پشودانی هەردەستەیەك لە بەشداراني هاوین دا بەهۆی قوتابیەکانەوە پەتاتە شافەی قوتابخانەکانی کەرخ و زوربەکەلکن وپێویستە لە رەسافە بەشداری ئەکەن بۆ هەموو رویەکەوە پشتگیری و پیشکەش کردنی هەندی لەو یارمەتی بدری .

٥٦ ملیۆن و ٩٠٤ هەزار دینار

بۆ پرۆژەی [رەی] ئەمساڵ دانراوە

وەك دەرکەوتووە وەزارەتی رەی بۆ پرۆژەکانی پێشووو هەندی پرۆژەی تری ئاودێری نوێ ٥٦ ملیون و ٩٠٤ هەزار دیناری تەرخان کردووە .

ئەم پارەیەش دانراوە بۆ جێ بەجێ کردنی پرۆژە ئاودێریکانی پارێزگای کەرکوك و تەواوکردنی ئاوبەندی (نەجمە) و وموسڵ و حدیسەو حەمرین و کەولوس لە گەل پرۆژەی (الخازرکومل) . هەروەها بۆ ئەوەی چەند ئەستیلکێکی گەورە لە ناوچەی کوردستان و بیابانی رۆژ ئاوادا پی هەلبستری .

بەتەك ئەو پرۆژانەوەی باسمان کرد دوو ملیون و ٥٠٠ هەزار دیناریش تەرخان کراوە بۆ بەرگری لە لافاوو دروست کردنی ئاوبەندێکی نوی لەسەر رووباری سیروان ، وەزارەتی (رەی) ملیونێك و ١٥٠ هەزار دیناری تریشی داناوە بۆ پرۆژەی ریشکەی گشتی دیجلەو فورات و بەستنیان بە (خور عبدالله) وە .

وە هەشت ملیون و ١٣١ هەزار دیناری تریش وەلانراوە بۆ تەواوکردنی نۆکەندی (الثرثار) کە چاوەروان ئەکرێت ئەم پرۆژەیە لە ساڵی ١٩٧٥ دا تەواوبێت .

ئەوەی شایانی باسە بودجەی بەرهەم هێنانی وەزارەتی رەی بۆ ساڵی ١٩٧٤-١٩٧٥ بە ٤٦ ملیون و ٥٩٤ هەزار دینار لە قەلەم دراوە .

هەندێك هەڵپەڕکێی نوێ

تیپی نەتەوەیی هونەری میللی ئیستا خەریکی مەشق کردنە بۆ فیر بوونی هەندی هەڵپەڕکێی نوی کە لە لایەن مامۆستا رەشیدیان کە شارەزایەکی هەڵپەڕکێی سۆڤیاتی یە دانراوە ئەو هەڵپەڕکێیانە گشتیان لە گیانی فۆلکلوری میللی یەوە وەرگیراوە هەڵپەڕگێکان بریتین لە ساس و هەڵپەڕکێی کوردی و چۆپی عەرەبی و چەند جۆر هەڵپەڕکێی ئەرمەنی .

بەرهەمی پیشەسازیمان لە پیشانگاکانی وڵاتان دا پیشان ئەدرێت

لەمانگی داهاتوو بەرەو دواوە هەتاوەکو بیانێترێت بۆشوێن کۆماری عیراق لە پیشانگای پیشانگاکانی خۆی لەوپشانگا دیمەشق و ئەزمیرو جەزایرو یانەدا .

بولغدیفو قوبرس و سالونیك و دەلهی و نایروبی دا بەشداری وەندی ناوبراو لە وپیشانگاکانە کات .

ئەوکە لوبەلانەی بەرژەپەڕژەوەندی پیشانگاکانی لە هەمەجۆرە قوماشی سوکە پیشەیە عیراق لە ئیستاوە دەستی سازی و بەرهەمی کشت و کاڵی و کردووە بەبارکردنی کەلوپەل جگەرەوشقارتەو توتن .

بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی پارێزگای هەولێر بڵاوی کردۆتەوە کە لە تاقی کردنەوەی ساڵی ١٩٧٣-١٩٧٤دا ، لە دەوری یەکەمی تاقی کردنەوەی گشتی پولی شەشەکانی سەرەتایی دا دور هەزارو ٦٣ قوتابی دەرچوون لەناو ئەو ٣ هەزارو ٥٥٢ قوتابی یەدا کە بەشداری تاقی کردنەوەیان کردبوو ، واتە ٥٨٪ی قوتابیان دەرچوون ، قوتابی بوران ئەحمەد حەبیب و دلشاد عەبدوڵلا ئیبراهیم لە قوتابخانەی بابا تایەر بە یەکەم دەرچوون کە ٥٧٩ نمرەیان وەرگرتووە .

ئەنجامی تاقی کردنەوەی قوتابخانە سەرەتاییەکان

لاوێکی عیراقی جیهازی توو فەحس کردن دروست ئەکات ..

(هشام القاضی) کە یەکێکە لەو لاوانەی شارەزاری دروست کردنی ئەو جیهازانەیەو یەکێکە لە ئیش کەرە دیارەکانی بەرێوەبەرایەتی ناوبراو ، وە لەمەو پێشیش چەند جارێك لەو جیهازانەی دروست کردووەو لە زۆر پیشانگادا بەشداری کردووە ، وە زۆرجار جیهازەکانی بەپلەی یەکەم دەرچووە واچاوەڕوان ئەگرێت کە ئەو جیهازانە لەماوەی پێنج مانگدا تەواو بکرێتو (٢٣٠٠) دیناری بۆ تەرخان کراوە ، ئەوەی شایانی باسە ئەم جیهازە خۆمالیانە لە تاقی کردنەوەدا ، زۆر لەو جیهازانە چاك تر دەرچووە کە لە دەرەوەی وڵات دروست ئەکرێت هەروەك ترخیشی لەوان هەرزانتر ئەکەوێت ، چونکە هەر جهازێك (٤٩٥) دیناری تێ ئەچێت بەڵام جیهازێکی دروست کراو لە دەرەوەی وڵات هەزار دیناری تێ ئەچێت .

پەرژەوەندی خەڵك گواستنەوە (مصلحة نقل الركاب) چەند پاسێکی نوێ ئەکرێت .

دەستەی رێنیشاندان لە پەرژەکە برێتیە لە کرینی ئەنجومەنی هێلکیشان نە کۆ چەند ئوتومبیلێکی پیکاب بو بوونەوەیەکی ئەم دووای یەیدا مەفرەزەو چاك کردنەوەی ئەو قایل بوو لە سەر کرینی ٤٠٠ ئوتومبیلانەی لەرێگادا پەکیان پاس دوونهۆم بۆ بەرژەوەندی ئەکەوێت ، لەگەل تەواوکردنی خەڵك گواستنەوە لەگەل هەموو پلەی یەکەمی گەراجی ژمارە کەرەسەیەکی پێویستی ئەو هەشتو تەواوکردنی گەراجی پاسانەدا .

ژمارە حەوت .

١٩٠٠ قوتابی زانستگای موستەنسریە بە بۆنەی رەزبوونیان ئانگ ئەگێرن

لەژێر چاودێری وەزیری ئەمساڵ لە وڵاتدا زانستگایان پەروەردەی بالاو پشکنینی ئەواو کردووە خویداوە لە زانستیدا رۆژی پێنج شەممەی ١٩٠٠ قوتابی کچ و کوڕ کە پێشوتر ئاهەنگی دەرچوونی لەوانە ٦٠٣ قوتابی دەرچووی دەستەی هەشتەمی ئەو کۆلیجی ئادابن وە (٧٤٧) زانستگایە گیرا ، ئەوەی شایانی یشیان کولیجی ئیدارەو باسە ژمارەی ئەو قوتابیانەی ئیقتسادیان تەواو کردووە .

ئەم هەفتەیە لە مێژوودا

نەریمان

ئەم هەفتەیەمان کە لە ٦ تا ١٢ی تەموز ئەگرێتەوەو رێکەوتی ١٦ تا ٢٢ی جمادی دووەمە هەروەها رێکەوتی ١٥ تا ٢٢ی بووش بەپی کوردی یەئەم رووداوە گرنگانەی تیادا قەوماوە :

رووداوی کوردی :

لە ٩ی تەمموزی ١٩٣٤دا یەریڤان پایتەختی ئەرمینیای سۆڤیاتی لە لایەن کوردەکانەوەیەکەم کۆنگرە بۆ بوژاندنەوەی زانیاری کوردی پێك هێنرا .

لە ٩ی تەمموزی ١٩٤٨دا نوسەری مێژوی کوردو کوردستان ئەمین زەکی بەگ کۆچی دوایی کرد .

لە ١٠ی تەمموزی ١٩٦٦دا لە عیراق بو ناوەدان کردنەوەی ژووروی وڵات وەزارەتێکی تایبەتی پێك هێنرا .

رووداوی عیراقی و عەرەبی:

لە ٦ی رتەمموزی ١٩٧٢ ئەوتی خۆمالی بۆ کۆماری بولگاریا رەوانە کرا .

لە ٧ی تەمموزی ١٩٤٦دا کرێکارانی کومپانیای نەوتی کەرکوك خۆپیشاندانیکیان پێك هێناو هەرچی داوایەکیان هەبوو لە یادداشتێکدا دەریان بڕی .

لە ٦ی تەمموزی ١٩٧٢دا رۆژنامەنوس و تیکۆشەری فەلەستینی غەسان کەنەفانی لە بیرۆت شەهید کرا .

لە ١٢ی تەمموزی ١٩٤٦دا کرێکارانی نەوت لە کۆمپانیای نەوتی کەرکوك : راپەرین لەم رۆژەدا پۆلیس تەقەی لە کرێکارەکان کرد لەئەنجامدا پێنج نیشتمانی کوژران و ١٤ش بریندار بون ، لە پولیس ١٤ کەس پێوە بوون .

رووداوی جیهانی :

لە ٦ی تەمموزی ١٩٣٧دا رێکەوتنی « سەعدئاباد » مۆر کرا .

لە ١٠ی تەمموزی ١٩٧٣دا دورگە وردەکانی « بەهاما » لە ئۆقیانوسی ئەتلەسی سەربەخۆیی وەرگرت .

رێك خستنی فرۆشتنی شیر

لیژنەی کۆکردنەوەو دروست کردن و فرۆشتنی شیر لە کۆبوونەوەیەکی ئەم دوای یەیدا لە زۆرکردنی شیرو شیرەمەنی کۆلیوەتەوە لەگەل جوری دابەش کردنی بەکوێرەی زۆرو کەمی خەڵکی لەو ناوچانەدا کە ئەم خوارەدە مەنیانەی تیادا ئەفرۆشرێت .

وە بریاریشی داوە کە ئەو جۆرە شیرو شیرەمەنیانەی لەسەر شێوەیەکی ناتەندروستیانە ئامادە ئەکرێن نە هێلرێت بێتە ناو بەغداوە . وە داواشی لە کۆمپانیای گشتی شیرەمەنی کردووە کە بەرهەمەکەی ئەوەندە زیادکات کە بەش خەلکەکە بکات ، هەروەها داوای لە کومپانیا کردووە کە ئالف بدات بە خاوەن مانگاو گامیشەکان بۆ ئەوە ئاژەلەکانیان تیروپڕو قەلەوبێت .

کارگەی دروست کردنی لۆکە

کۆمپانیای گشتی رستن و چنینی عیراق دامەزراندی کارگەیەکی لۆکە خاوێن کردنەوەی بەکۆمپانیایەك سپاردووە ، ئەو کارگەیە (٦٧٥) هەزار دیناری تێ ئەچێت و ساڵی ٦٠٠ تەن لۆکە خاوێن ئەکاتەوە ، ئەمە جگە لەوەی کارگەکە ٨٠٠ هەزار مەترە پلاستەری هەمەچەشنە دروست ئەکات و لە ماوەی ساڵیکیشا ٤ ملیون مەترەلەکەتانی برین پێچان دروست ئەکات .

هەندێك پرۆژەی ئاودێری لە کوردستاندا

وەزارەتی (ری) ١٣ ملیون دیناری وەلاناوە بۆ ئەوەی چەند پرۆژەیەکی ئاودێری لە ناوچەی کوردستان دا پێ جی بەجی بکات .

یەکێك لەو پرۆژانە برێتیە لە دروست کردنی ئاوبەندی خازر کۆمەل کە بە ٢٥ کیلومەتر ئەکەوێتە باکوری رۆژ ئاوای (ئاکرێ) وە لە پارێزگای دهۆك بەرزی ئەو ئاوبەندە ٩٣ مەترە ئەبێتو توانای گلدانەوەی ٣ ملیار مەترە موکەعەب ئاوی ئەبێت لە ناوچەیەکی پڕپیتو بەرکەتدا کە کەلکیکی ئیجگار زۆری بۆ کشتوکاڵ لێ وەرئەگیریت .

هەروەها بەدەستەوەیە لە بەڵام لە هەولیر پرۆژەی ئاوبەندی بەخمە بەدەستەوەیە کە ئەکەوێتە ژووروی رۆژهەڵاتەوە لە سەر رووباری زی گەورە ، کەتەنیا ٥٠ کیلۆمەتر لە شاری هەولیرەوە دوور ئەبێت .. ئەم ئاوبەندە بەتەواوی مەترسی لافاو ناهێڵێ شەدەلەلە پارێزگای سلیمانی ، وە ئاوبەندی دهۆك لە پارێزگای دهۆك لەگەل ئاوبەندەکانی ژووروی عوزێم ، لەگەل پرۆژە ئاودێریکانی ناوچەی شەمامۆك و رانیەو زاخۆ پێنجوێن و سێوسینان .

پارێزگای سلیمانی دا پرۆژەی ئاوبەندی کەولوس لەژوروی سەیدسادقەوە لە سەر رووباری چەقان جی بەجی بکرێت .

وە ئیستا حالی حازر چەریکی ئامادەکردنی نەخشەو شێوەی ئەو ئاوبەندەن کە ٧٨ ملیون مەترە موکەعەب ئاو کۆئەکاتەوە زەوی وزاری کشتو کاڵی ئاو ئەدات و لەگەل ئەمانەشدا بو کارەبا وەرگرتن بەکار ئەهێنریت لەگەل ئەم پرۆژە گەورانەدا وەزارەتی ناوبراو چەریکی دانانی وێنەی هێلکیشی چەند پرۆژەیەکی ئاودیری بچوك و مام ناوەندی یە لە چەقچەقو وە بە ئاسانی ١٢ ملیون مەشارە زەوی وزاری کشتو کاڵی ئاو ئەدات .

شێوەیەکی نوێی پارە بردنە دەرەوەی وڵات

کەسانەی بۆمارەی ٣٠ رۆژئەچن بۆ یەکێك لەوڵاتە عەرەبێکان یا سۆشیالیستێکان یا تورکیاو ئیران ، وە پارەکەی بۆ ئەگرێت بە ٢٠٠ دینار ئەگەر لە ٣٠ رۆژ زیاتر مایەوە .

وە (٣٠٠) دیناریش ئەدرێت بە بەو کەسەی ماوەی (٣٠) رۆژ لەیەکێك لەو لاتەکانی تری دینادا بمێنێتەوە ، وە (٤٠٠) دیناریشی دەدرێتی ئەگەر لە (٣٠) رۆژ زیاتر لەو وڵاتانەدا مایەوە .. وە بەپێی ئەم بنچینە تازەیەی بانق لەم دوایەدا دای ناوە هەر کەسێ تەمەنی لە ١٢ ساڵ تێ پەڕێت مافی ئەوەی هەیە کە ئەو پارەیە وەرگرێت بەپێ چەوانەی جارانەوە کە ئەبوایە ئەوکەسە تەمەنی لە ١٨ ساڵ کەمتر نەبوایە ، وە ئەوکەسەی تەمەنی لە ١٢ ساڵ کەمتر بێت ئەوە تەنیا نیوەی ئەو پارانەی ئەدرێتێ .

ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی بانقی مەرکەزی لە یەکێك لە کۆبوونەوەکانی ئەم دواییە یەدا بریاری داوە لە لەمەولا لەسەر شێوەیەکی نوی پارە بدریت بەو کەسانەی سەفەر ئەکەن بۆ دەرەوی وڵات وە بەپێی ئەم بڕیارە نوێیە ئەو کەسانەی ئەچن بۆ وڵات ئەتوانن لە جاران زیاتر پارە لەگەل خویان بەرن .

لەسەر ئەم بنچینەیە تەنیا (١٥٠) دینار ئەدرێت بەو

O

institut kurde de paris

- ٢ -

دیرۆک نیڤیسنێت خەلکێ جیهانێ قەنج دزانن کۆ کورد دبەرێداو هەتا نۆهە ل سەرئاخا خۆ دژین یاکۆ دیارە دکەفتە ناڤ چووار دوخیبێت کوردستانیدا ، یاکو گەلەک دیرۆک نڤیسان ل نڤیسی ژبەرێدا و هەتا ڤێگاڤی وەکو « کزینفون » چاخێ دکوردستانێ را یۆری ٤ سالا چوارسەدو ئێکێ پێت زایینداء گەلەک سالو چەرخ پێد

کارەساتێت ئەرمەنیا دنێڤ تورکان وکوردانا

بورپی بسەر کوردانرا ، ئەوهەر ل سەر ئاخا خۆ بوون ، نەمازە ل ژۆریا کوردستانی یاکۆ نیڤیسەڤانی هیژا « ڤاندۆ » ناڤێ وێ هەرێمێ هینای بناڤێ «ارمینیه الترکیه » گۆمان تێدا نینە کۆ دەستەکەکا ئەرمەنیا ل گەل کوردان دوێ هەرێمێدا دژیان ئانگۆ وەکوکیماسیەکی ، ژیارا ڤان ئەرمەنیا ل سەر شۆلێ دەستان بۆ وەکۆ ئەڤن کرنو کرنێد چلکێد کوردی وبارزگانی ،وەلی خوجهیت کوردستانێ ئانکو کورد ، لە هەمێ چەرخان ، رەزڤانو چوتیاربێت قەنج بوون ئەگەر خەلکێت جهانێ نزانین بلا وەکو گەریانەکا سەرپێ بچینە کوردستانێ و ناڤ خەلکێ وێ بگەریی ، بەرێ خۆ بدەنە بابەتێ شەش ژ کتێبە« سنتان فی کردستان » ئەڤە بەلگەیەکە بۆ خوندەڤانا •

گەرینۆکو دیرۆک نیڤیسێ بناڤو دەنگ یێ تورک « ئولیا چەلەبی » ، یێ کۆ ل کوردستانێ گەریای ل دەست پێ کرنا چەرخێ شازدێ زایینی ، ئەو گەلەک قایل بر ب وان ئوخیبان بێد کۆ کوردستانێ هەپی ، یێو کۆ وێگاڤێ و ڤێگاڤێ ژی کوردتێدا دژی ، نەخاسمە کوردستانا باکوری ئەڤ نیڤیسەڤانە دبێژیت : نزیکی شەش هزار عەشیرەت ل سەرڤێ ئاخێ دژی ، ل ئالێ رۆژ هەلاتێ و ، وە دیسان بۆمە ل سەر شارستانیەتا کوردستانێ دپەیڤیتو دبێت ئەت کوردستان گەلک پێش کەفتی بو ، ڤێرا دچتو دبێژیت ،یازدە ئەمارەت ئانکۆ دەولەت هەبوون کوردان حوکمێ ناڤ خۆی ل کوردستانێ دکر ئانکۆ ل ڤان دە ئەمارەتان ، هەمی دەمان کوردستان دپێت کەفتنێدا بۆ ، زانینو پێشەسازی ل وولاتێ یا بەلاڤ بو، هۆسا بۆمە رون دکەتو دبێژیت ئەڤ شارستانیەتە دناڤ ئاخەکا ئانکۆ وولاتەکێ سێ کۆژی دا بو ، « مثلث » یاکو دکەفتە نێڤ ئیران و تورکیاداو سوریاو عراقیدا و قەفقاس یادا ، ڤان دەولەتان پتر ژ پنجسەد هزار لەشکەرێ بچەک هەبوون •

چا ئەگەر کوردستان بچاف« ئوولی خان »ی بناڤو دەنگ دوی دەمیدا گەهیشتیتە ڤێ پەیسکێ ، ئانکو ل دەست تێ کرنا چەرخی شازدی ، ژ پێشکەفتنو پەرسەندندا ،وەلی دەمێ کتێبا « ڤاندومی» دخۆنێ ئەم دمینینە حەیری ئانکو شاش دبین ، حەیفاوە ئەوە،وی کوردستان بڤی کراسی ناڤدایە ئانکۆ وەسپ کریە ،دەمێ دبێژیت «نهالێت سووتی» گوندێت گاڤل بووی ، مالێدویران کری » جا ئەڤە ژی هەمی ئەراستە ، چاخێ ڤاندوم هوسادپەیڤیت ، جونکی کورد ژ ئەرمەنیا رەنجبەرترنو شارەزاو یوسپورترن ، ژ ئالی شولی ڤە دەمێ « ڤاندۆم » دبێژیت • « کورد نەشیان ئاخا ئەرمەنیا شینکەن ، ئانکۆ کورد خاندنی نوزانینو نەشارەزانە ، وەلێ هەڤال « ڤاندۆ » تۆ چراراستوقەنج نا ئاخڤی ؟ ئەمو ل گەل خەلکێ جیهانی ڤکرا بەختوویژدانێت تورکان ل گەل

ئەم راسپاردەیە لە کاتێکدا تێ کەوتوە ، لە چەپکەی نزاران نووسراوەو لە کاتێکی ترا بە دەنگی کەوو نەغمەی بولبولو دەستت ئەگات •• رووی پەپو پەپوی پەپو سلێمانەو دەرەوەی سروشتە لەو نیشتمانە گوم گومی گا کۆترو هەزاران خۆشەویستەمانا ، بەرهەمێکی شێوەی دەنگی تری بالندەو ئەدەبیەو لە خالێکەوە دەست گیان لەبەرەکان ، هەزاران وەك پێ ئەکات کە ناگەڕێتەوە سەری من و تۆو دلداری شەیدای دیسان لە خالێکی تر کۆتایی پێ خۆشەویستی کوردستان دێننە دێت کە سەرەتای خۆشە- سەما ••

سروشت لەنێوان دووخۆشەویستدا ١٠٠٠

ویستیەکی ترە •

ئەو نیشتمانەی من و تۆی پێ گەیاند زۆر کەسی تریشی پێ گەیاندو پەروەردەی کردن •• زۆریان ئەرکی نیشتمانی خۆیان بەجێ هێنا ، من و تۆ زادەی دوو کاتی دیاریکراوین کە هەرگیز لە بیر ناچنەوە • ئازیزەکەم •• رۆژگارمان بەهارە ئەگەر پایزی تەمەنمان نەبێت ، ولات سەیرانگاو چاو ئەندازی دولبەرانە ، ئاسمان مەلبەندی هەورە بروسکەیە •• بای شەماڵ گوڕی هەرزەکاری خۆی ئەنوێنێ ، کانیاوەکان ئاوێنەی رووی گەردوونن ، وا هەست ئەکەی سروشت تەنیا بەرازاندنەوەی ولاتەکەمانەوە خەریکە •• مەرو مالات زەهەی

بای وادە دەستی لەمل چرۆی دارو دەوەن کردوە ، قەلبەزەکان خۆیان رازاندۆتەوە ، درەخت بەرگی گوڵی پۆشیوە ، شوان دەمی لەلێوی شومشالەکەی ناگوێزێتەوە •• هەر دڵە ئەلەرزێو ، هەر چاوە ئەڕوانێو ، هەر دەمە پێ ئەکەنێو هەر شاعیرە ئیلهام وەرئەگرێو ، لەشکری خەم خۆیداوە بەدەست شۆرشگێری بەختیاریەوە ، ئا لەم کاتەدا هەر کەسە دڵداری خۆی بیر ئەکەوێتەوە من تەنیا سەر- بەستیو ئازادیم دێتەوە یادو ئەمەوێ دەست لەمل خۆشە- ویستی رزگاری کوردستان بکەم •

ڤەندو فیلێت وانو ئەم گەلەک شارەزانیە ، ژ دەمەکێ دوورو درێژو هەتا نوهە ، ئانکو ژسەردەچێ سولتان سەلیمێ ئێکیو هەتا ڤێگاڤێ ژی ب هەمی ژێهاتنا خوڤە هاندان ، کۆ کوردان بمرینین ، بچکارێ بیت ، چا گەلەک چاران پێدمیشەخت کرنو زورداری یا لی کریو کوشتن یاژی کری ، زمانێ وانیێ بڕی ، ئەڤ کریارا وان هەمی دچەرخێ بیستێدا ل گەل کوردان کرینە بەرەخوبدەتە کتێبا « سیاحە متنکرە فی بلاد مابین النهرین وکردستان » للمجرسون • نیڤیسەڤانێ انگلیزی یێ بناڤو دەنگ «هـ س ـ آرمسترونغ» دکتێبا خودا پاکۆ ل ژێر ناڤێ «مصطفی کمال ، الذئب الاغبر» پاکۆ وەرگێرایە سەر زمانێ عەرەبی ل ژێر ناڤێ « الناس والسیف عمله فی کردستان ، حتی أصبحت فقراء » ئانکۆ « شیرو ئاگر بکار هینان ل کوردستانێ هەتاکو کرە جول » ، زلامو ژن دکوشتن بیشتێ نەخوشیەکا تێزو دژوار ددایە بەر لەشێ وان ، گوند کرتە کاڤل ، خانی وێران کرن چنیکو وەرز سوتی ، ئانکو کرنە بەیار ، حورمە تا ژنانو زار مربان شکاند ، ئەڤ کریارە تورکان ل گەل کوردان وەکو تولقە کرنەکی یاکۆ وان ل هەر یمێد یونانو بولغاریاو ئەرمینیا بدەستی ڤان میللەتان دێتن ، دوستەڤا کەمالی هەندەك داد گەهی « محاکمە » ل ناڤ وولاتێ دا ڤەکرن ، هەمێ ئەڤ دادگەهە سوپاهی بوون ، ژێر ناڤێ « محاکم استقلال » ، گەلەك کوردێت جانەوەر بێ ئەگەرو سوج ل سێداری « مشانق » دان ، گەلەك دا هێلانا دبنێ زاندانانڤە ، ئێزا دانە بەر لەشێ وان ئێ بیژیی ، بەرەخو بدەنە بەر پەرێ «٢٦٥» کۆڤارا « الحرب الجدید المصور » •

بۆچی پێشینان ئەم پەندەیان داهێناوە ••؟

ئەم پەندە لە زۆر ناوچەدا باوە •• زۆر کەسیش بە هەلەی رەوان کردوە •• زۆر کەسیش هەر بە سەر زارەکی رەوانی کردوەو ئەیگێڕێتەوە••ئەوانەی کە هەنگ پەروەردە ئەکەن لە مانای ئەم پەندە باش تێ ئەگەن ••

بەهاوین شیلە یەکی شیرین لەسەر کەلای دارگوێز ئەباریو هەنگ پێوەی ئەنیشێو ئەو شیلەیە کۆ ئەکاتەوەو بە بن لاقەکانیەوە ئەینووسێنێو ئەی هێنێتیەوە بۆ ناو پلوورەکەی •• ئینجا هەر مێش هەنگێك ئەگەر داری پلورەکەی دور بێ ئەوا رۆژی فریای جاریك یان دوجار ئەکەوێ کە شیلەکەی بمژێو بی هێنێتەوە •• بەلام ئەگەر هەنگەکە پلورەکەی هەر لەناو کلۆری دار گوێزەکەدا بێت ئەوا رۆژی چەند جار و بگرە زۆرتر ! ئەتوانی شیلە کۆ بکاتەوەو وزەی بەرهەمی زۆر تر ئەبێو زۆر تر ئەتوانێ هەنگوین دروست بکا •• بەم پێیە پلورەیەك هەنگی ناو دار گوێز چەند جار زیاد لە پلورەیەکی تر هەنگوین دروست ئەکات •• لەبەر ئەم بەرهەمە زیادەیە هەنگی ناو گوێز بایەخی زۆر ترو خۆشەویست ترە •

(کومبیوتر) شیر پەنجە ئەدۆزێتەوە

زانا سوڤییەتیەکان ئێستا خەرێکی تاقی کردنەوەو لێکولینەوەی نەخۆشی شیر پەنجەن بە هۆی دەزگای ئەلەکترۆنیەوە •• تا ئیستە بە هۆی ئەو ئالەتانەوە بە شێوەیەکی ورد بینانە نەخۆشی شیرپەنجەیان لەناو سی وگەدەدا دۆزیوەتەوە وە ئیستا خەرێکی لێکۆلینەوەی زانستیانەی ترنو بەلکو بیخەن بە لایەکا •

ئەمان لەرزانە ، دیدەم لەرزۆکە
تۆ گیانی کاکەت ، سەرێ بەرزۆکە
سەرێ بەرزۆکە ، ببینم جەمینت
لە سەر چ دینیت ، بێمە سەر دینت
ناو حەوشەکەتان ، دوێرو هەیوانە
بەر قاپیەکەتان ، قامیشەلانە
هەیداو بێداد ، لەی ، بێدادیمە
بێدادیم لە دەس ، شەو تەنیاییمە
دەر قاپیەکەتان ، گەراج سەیارە
رۆژێ نەتبینم ، چارم ناچارە
هەناسەکەی من ، گیر بێ ، لە ناوتان
گەورە تا بچوك ، نەمینێ ، ناوتان
بزمارەو بزمارە ، سۆلێ بریقە دار
لە دوێنێوە ، نەمدیوە ، ئایشەو فاتمە و زارە

هەلمژاردە وتۆمار

محمود زامدار

دەردم گرانە و چارم ناچارە
چەند سەیر دەکەم ، باوکی دیارە
ئەو کچە لەو ماڵە ، قەولی داوە پێم
دەرگاو دەروازەی ، داخراوە ، لێم
خۆزگەم بە دەرزی تیژو تەنکە
دایم ، عاشقی ، سینگو مەمکە
قەلەمو کاغەز ، دەفتەری کۆنە
خۆزگە ، دەمزانی ، یار مەیلی چۆنە
بەس جواب بنێرە ، لە جواب بێزارم
بنوسە کاغەز ، خۆم ، خوێنەوارم
بزمارەو بزمارە ، سۆلی بریقە دارە
لە دوێنێوە ، نەمدیوە ، یاری گوێ بە گوارە

دوسەر لەسەر سەرینێ
ناسکۆلەی نازەنینی

هەر کەسێ دەیکا ، مەنعی من و تۆ
لە ماڵیان نەبوێ ، دایم ، برا ڕۆ
ئەو چاوە رەشەی هاوردو بردت
تەرکی دلداری تۆ بەمن کردت
کراسەکەی بەرت ، لە خۆتەن سوورە
ئاگادارت بێ ، ئەو شێخ غەفورە
کراسەکەی بەرت ، لە خۆتەن شینە
ئاگادارتە بێ ئەو شێ محیدینە
دەمەکەت بێنە ، تێر تێر ، بیمژم
کێ وای لێ کردی ، ئەمن بیکوژم

کاروانە کاروانە ، کاروانەی لێرەی لەوێ
ئەو دڵەم بۆ ناسرەوێ ، هەر دەڵێ یارێم دەوێ

بۆ خۆم لە پێنجوین ، یار لە سلێمانی
ئاگادارت بێ ، غەوسی گەیلانی
چەپکێ رەیحانە ، سەر چڵ حەبیبی
ئەویش بۆ یارم ، وا لە غەریبی
چەپکێ رەیحانە ، خۆمی پێ رەش کەم
لە دوای بالاکەت ، بەکێ دڵ خۆشکەم
چەپکێ رەیحانە ، بنی لە گۆمە
عالەم دەزانێ ، ئەو کچە هی خۆمە
ئەوکچە لەو ماڵە ، قەولی داوە پێم
دەرگاو دەروازەی ، داخراوە ، لێم
ئەو شەرتەی کرمان ، لە بیرت دەرچوو
یاری تازەت گرت ، منت لەبیر چوو

لە پەندەکانی ـ بادینانی کوردستان ـ

شینا شێرا ریڤی لێت کەن گێرا
هەکە هەیە چەنك لێ بەصتا ، هەکە نیە رەق راوەستە •
دەستێل کفتکێ ، جافێل ئافکێ
ترارێ مێرا ، جێ رزینکاند چێ چرینکاند
ئیلەك ریخێت کەت ، گاران بێ فە دبیت
بهارە لکەندە گلێ
چیچکێ بار گۆتەیێ پێرار ، تو نزانی چیوە چیوە بکەی •
وەرە گیای بدە گۆلکێ
لەواتە ، پێژینك برە بن چێلێ
گەل میهێت چێریت ، گەل گورگێ تخوت •
هندی هندێ زانابوو ، بطەلێ دا کەفت •

هەتا دێ مالخو دزی کریت ، دزی مالخۆ گرت ••
پیچکێ خوو هندی بەرکا خوو درێژکە
پێل سەری شاشو لفە ، نیەت مالێ دا ئوفە •
دل دلات حبینن •
چیا بچیا ناکەڤن ، چاڤ بچاڤا تکەڤن •
دنیا لمرۆڤا ، تەنك نابیت •
دێرا بنبرە •
شەت سەرێ فەقیری راشکەست •
نەخاری ت سمبێلا مەهی •
هەتا دێ ردێنێ تراشیت ، سمبێلیش دانانە سەرێ •
کەر چوو ، کەر سەفەرین چوو •
ریڤی نەگەهشتە تری ، گوتی : چەندێ ترشە •
سێیەکێ خوو ، ئیکێ خالەتێ •
دەرکێ خوو داتیخە ، جیرانێ خوو ، دزنەکە •
زارت ژارن ، ئافێت گانیات بێ بارن •
دەنە پیر بنەفشێ دا ، داکەتە چالە رەشێ •
منی منی ، هەتا گەهشتە بنی •
هکە هەمو چیچك چیچکێت تی یا بن ، بخودانانا نامینن •
طەیرەکی گوشتی دەنێ و طەیرەکی گۆشتی لێت خۆن •
رەشو بوەستێت خوو ، نەخو ئافێ تو بری •
گۆشتی خو بیخو ، منەتا قەسابی هەلنەگرە •
هێڤیا دەرا ، خۆلیا سەرا •
هێڤیا یاری بێ مێربە ، هێڤیا جیرانی بێ شیفبە •
طراخوو ، بەر کوچکێ خوو •
مریشکی چاڤ قازێ کر ، قون لێ بو ، گەلیا بازێ •
ماستێ صەی هەرماندی ، هەر بۆ صەیێ باشە •
شولا ژنێ هێڤینە •
ژتە هەرەکەت ، ژمن بەرەکەت •
هەکەتە ئاڤەك ژکانیەکێ ڤەخار ، بەرا نەهاڤێ تێدا •
پاژە زژری ، عاقل کێم •
نانێ بخۆ ، ناندانکێ نەدرینە •
سەر پرامەندێ ، میرۆ بدەڤەتەشێ پلا من یا هاتێ •
وەختی رافی گیوی تێت •
درافێ سپی ، بو روژا رەشە •
دایکا هەفت کورا ، پش کەتادەرکی مر •
ئار هەمبانا ، طر ئاسمانا •
کەس نابێژیت دەویێ من پێ ترشە •
هەکە دیتم ئەزم ، هەکە نەدیتم دزم •
سیارێ خەلکی ، هەرێ پەیایە •
صەژی بەردەرکێ خووبێ شێرە •
صەژی خودانێ ، خوو تناسیت •
رەزی رەزڤان تخوت ، بەزیشڤان تخوت •
خودێ دبێژیت ، ئەڤە ئاگرەپێ لژ نەنێ •
دیاری قەسپەشین ، دیاری هەسپە •
هەتا بەرێ دەستی رەش نەبیت ، طاما دەڤی خوش نابیت •
هەچی یێ ، سەر سنگێ کەوی بخوت ، دێ قەلەمی گیشکێ قبیل کەت •
چێ ممیژەك ، چێ قەمیژەك •
ئاڤی زێیە عابور تێیە •
هەکە بووینە بیك ، دێل مەخرابن ، باژێرو سیك •

بەیتانە سیحەتاولایەك ژژیاکوردێ ئێزدی

خەلیل جندی

بێگومان نەبوونا خوندەواریێ گەورەترین تەگەرەو مەترسیە بۆ گەلەك هیڤیو ئاواتانوسەنگەرەکا قایمە درێکا پێشڤەچۆنا مللەتاندا •

هەکە نەختێك بگەرێینەدواوەو مەیری لاپەرێد مێژووا کوردان بکەین ، دێ بینین گەلەك سەرهاتی وێ بسەرێ وان هاتینو ژ دافکەکێ رزگارنەبووینە هەتا ئێکە دی ژێرا نەهاتبتە قەدان • ئانکو تێراخۆ تەنگو چەلەمەو نەخۆشی وێد دیتین ، ڤێجار وەرە بزانەکا بەهرا ئێنردیا دێ ژڤان کارەسات و ویرانیا چەند بت ؟نەخاسمە وەکی طەیرەکی رەش بوون دنێڤ هەموو میلەتاندا وکربوونە ئارمانجا خۆو بناڤێ ئایینی لێددان • چونکە بیروباوەرو ئایینێ ئێنردیان لگەل پێ وان نەدگونجا •

لێرەدا من دڤێت ئەوێ دیارکەم کو خزمەتا هنەك مرۆڤو ریبەرێد ئایینێ ئێنردیان ناهێتە ووندا کرن بۆ پارستنا کەلەپورێ تایبینێ ئێنردیان کو ئەڤە سامانەکی گەلەك بەنرخە بۆ ئەدەبێ کوردیو دقارین بێژین جێگەی شانازیە بەلێ مخابن هەتا نهۆکەسەکی لکوردستانا ئیراقێ دەست نەهاڤێتیەو لدونە گەریایە •

ئەم ڤێ دبێژین ، بەلێ نەشێین کەسەکی تاوانبار کەین • چونکە ئێدیزان ـ هەڤێوان ژی هەیە ـ هندی وا بسەری هاتیو ژ دەستێ بیانیاخواری نەویری یە پەنامەکیا ئایینێ خۆ بۆ عالەمێو خەلکێدەرڤە خۆیا بکەن • ڤێجار هەر وان لدنێڤ خۆدا ئەو کەلەپورەئالوگور دکرن ، ئێکی بۆ ئێکی هەتا بەرزە نەبت • ئەڤە نەئیشەکی ئاسانە ، بەلکو توانایەکا مەزن ژێرا دڤێت ومەعنەیا ڤێچەندێ ئەوەیە ئێزدیا باوەریەکا گەلەکە موکمو ا بئایینێ خۆڤە هەیی • مە نەڤێت گەلەك لسەر ڤێچەندی برۆین بەلێ یا مە دڤێت ئاشکرا کەین ئەوە ، پشتی چاڤێد مەڤەبووینو مە دیتی دنیا وا گەهشتیە چی قۆناغێو ئەم هێشتا رەشو سپیا ژێك نەناسینە • لسەر هندێ زامەیدانەکا خالیا سوارێد خەلکێ وێ تێدا غارغارانێ دکەن ، مەبێویستی زانی کو ئەم جەلەوا

•• ئەمە لە لایەك و لە لایەکی دیو وەکی من دبێشیا فی وتارێدا دیار کری بۆچی ئێزدیان نەدهێلا کەس شارەزایا ئایینێ وان ببت ، ژبەر وێ چەندێ بوو ئایینێ ئێزدیایی جودا بوو ژ ئایینێ میللەتێد دەوروپشت کو بوونە زەوالو دژی وەستاوون •

تشتەکی دی وێ مایی مە بەحس نەکری ئەوژی یارمەتیو هاندانا مامۆستایێد بەشی کوردیە بە تایبەتی دکتۆرێد هێژاو بەرکەفتی مارف خزنەدارو عزەدین مستەفا رەسوول ، ئەڤەو پێجگە هاندانا گەلەك دلسۆزێد دی ، کو ئەو هەموو دەمان لپشتا مە بووینەو بباشی لسەر مە پەیڤینە • قەنجیا وان چو جارا ووندا نابت •

ووتارا پرۆفیسۆر (قەناتێ کوردۆ) ئەو یا دڤەرهەنگا « کۆڕی زانیاری کورد »دا هاتیە بەلاڤ کرن کلیلەك بوو بۆ مە کو ئەم دەست بهاڤێژینە نڤیساندنا قەولو قەسیدو بەیتێد ئایینێ ئێزدی ژ دەڤێ رێبەرێد دینێ ئێزدیان کو ئەوان ژی ژ ئالیێ خۆڤە دەستێ هاریکارێ بۆ مە درێژ کر •

ڤێجار ئەم ژی دێ ئی بەرهەمی دانێینە بەر چاڤێد خوندەوارێد کورد لگەل هندەك لێکولینو شی کرنا هیڤیا مە ئەوە خوندەڤانێد هێژا سوودێ ژێ ببینن •

- وامایی -

kurde de paris
institut kurde de paris

کتێبی هاوکاری

٤٠١ دیاکۆنۆف نوسیویەتی
بڕهان قانع لە فارسیەوە گردویە بە کوردی

- ٢٠ -

٣ - زمان لەبەر سەرچاوەی میژوییدا :

ناواخنی ئەو سەرچاوە میژوییانە کە ئەتوانین سوودیان لێ وەر بگرین لە بارەی ئەو شوێنەوارانەوە کە لە بەشەکانی رابوردومانا پاسمان کردوون‌نیە، زمان یان زمانەکانی ماد ئەوە ئەچێ بە یەکەم سەرچاوەی میژوویی دابنرێت . ئەم زمانانە وەکو ناوی تایبەتی کەسان‌و شوێنەکان‌و هەروەها بە شێوەی وشەیی لە زمانەکانی تر (لە کاتێکدا کە شوێنی سەر هەڵدانی مادی ئەوان بتوانرێت دیاری بکرێ) بە پاریزراوی ماوەتەوە .

ئەو باسانەی کە لە بارەی زمانەوە وەرگیراوون لەوە ئەچن کەلێک مەسەلەی گرنگ چارەسەر بکەن ، بۆ نمونە هەروەکو بە هاوکاری ئەو نووسراوانەی کە لە بارەی شوێنە جوگرافیاییەکانەوە (یاتوپونیمیك) یان ناوی تیرەو هۆزەکان (ئەتەرنیمیك) نووسراوون ، بە پێی بارو چۆنیەتی ئەو نووسراوانە ئەتوانین نژادی رەسەنی خەڵکی ماد لە رۆژگارە جۆربەجۆرەکەناو میژوو ناوچەو نژادەکانی دەوروبەری ماد دیاری بکرێن .. ناوی تایبەتی ئەندامانی (ئەنوماستیك) باشتر سودیان لێ وەر ئەگیرێ ، هەروەکو رانراوە لە رۆژ هەڵاتی کۆن‌دا ناونان چاولێکەری بووە . هەروەها ناوەکان لە تێکەڵ کردنی چەند وشەیەك پێك هاتوون . (لە سالنامەی هۆزەکانی هیندو ئەوروپایی :یونانیەکان ، ئیرانیەکان ، زور کۆمەڵەی تری خاوەن زمانی تایبەتی)یان کومەڵە بچکولە خاوەن زمانەکان (لە لای سومەری‌و بابلی‌و ئاشوری‌و هۆریانەکان‌و هینی‌تر) لە ئەنجامی لێکدان‌و لێکۆلینەوەی نامەکان هەندیك کەرەسەی زمان شوناسی‌و رێزمان‌و دەستووری زمان دەست ئەکەوون کە بە هۆی سەرچاوەو نووسراوو شوێنەواری ترەوە دەست ناکەوون . جگە لەوەش بە هاوکاری ئەم لێکدان‌و لێکۆلینەوەی نامانە ئەتوانریت هەندیك عنصری فەرهەنگی بە تایبەتی ئاین دیاری بکات . (وەکو ناوی خواکان کە پێیان ئەووتن - تئوفور -) .

بەم جورە لێکدان‌و لێکولینەوەو گەرت کردنی ناوی شوێن‌و رەگەزو کەسان‌و بەلگەی زمان شوناسی بە وردی روون ئەبێتەوە .

لە زمان شوناسیدا ، ئەگەر وشەی جۆربەجۆر ، لەگەڵ یەکتردا پەراورد بکەین - ئەو جیاوازی بەکار هینانی فونەتیکی زمانە کە لە نیوانیانا هەیە ئەوەندەی جیاوازی جۆری ریکخستن‌و دارشتنی ریزمانەکەوە گرنگ نیە .

ئەگەر گوێ بە جۆری گۆڕانی وشەو جۆری دارشتنی رستەکان‌و بەکارهینانی لە روی زمانەوە نەدەین ئەوا بەراورد کردن‌و بەرامبەری کردنی وشەکان‌و ناوە تایبەتیەکان بە تەواوی لەناو ئەچن‌و ئەهمیەتی زانستیانەیان نامێنێت .

هەر کات ناوی شوێن‌و ناوی تایبەتی خەڵك لە شوێنەواری زمانێکی ترو بە تایبەتی شوێنەوارە نووسراوەکان نەمابێتەوە بەم هۆیەوە هەر جۆرە بەراوردو لێکدان‌و لێك کردنەوەیەك لە بارەی ئەو نووسراوە کۆنانەوە مانایەکی تایبەتی دێنێتە کایەوە . ئینجا ئەمە پێویستە لەگەڵ زمانەکانی ترا بەراورد بکرێ ، بەڵام نەبێ ئەوە بزانین کە بەر لە هەموو شتێك ئەبێ ئەو زمانەی کە ئێمە مەبەستمانە لەگەڵ کام زمانی ترا نزیکەو لەیەك تر ئەچن . داخەکەم ئەمانە هەمویان بە بێچەوانەوە دەر ئەکەوون وە ئەو وشانەی کە لە یەکتر ئەچن لەناو زمانەکانی ترا هەیە (کەوابو ، ئەگەر ئەو زمانانە لەیەك سەردەم‌و دراوسێی یەك سەرزەمین بووبن ئەوا قەی ناکا) . بەڵام زوربەی لەبەر نیوەی لەناوی فلان شوین‌و ، وە نیوەکەی تری لە زمانێکی تر پێك دێت ، کە لەگەڵ زمانە پیشووەکەدا بە هیچ جۆر تێکەڵاوی‌و ئاشنایەتی نیە . ئیتر چۆنیەتی جۆری بەکارهینانی وشەو دەنگ لەگەڵ میژودا بەرچاو ناگیرێ . ئەو کاتە بۆ دۆزینەوەی مانای وشەکان ئەبێ شتی خۆکرد دابنرێت . ئەمە شتێکی ئاشکراو روونە کە ئەم جۆرە کردەوانە هەڵەیەکی بێ جێیە . وە ئەوەی کە بونی خۆی ئەسەلمێنێ ئەوەیە ئەو زمانە خاوەنی ناوەروکێکی ریزمانی بێت‌و لە زمانێکی وەکو خۆی بچێت . ئینجا ئاتوانین پشت بەو جۆرە وشەو نازناوانە ببەستین کە گوایا ئەم وشەیە لە فلان وشە ئەچێت‌و لە فلان زمانا وشەیەکی بەم جۆرە هەیە وەکو پێی قایل بووین .

لە لێکولینەوەی میژوییدا ئەگەر تووشی سەرچاوەیەك بوین کە لە بارەی ناوی شوێنە جوگرافیاییەکانەوە سودی نەبوو هیچ بەشتێکی سەیری نازانین . وە لەبەر ئەوەیە کە ئێمە روداوە راستە ئاشکراکانمان لەم رووەوە باس کردوە ، ئیتر نامانەوێ لە بارەی جوری سوود وەرگرتن لەو جۆرە سەنەدو سەرچاوانەوە دیسانەوە قسە بکەین .

بەراورد کردنی زاراوەی‌زمانێك لەگەڵ زمانێکی ترا لە کاتێکدا ئەبێ کە کەلێك نمونەی فراوان‌و ریك‌و پێك لە یەك چوو لە نێوان زاراوەی هەردو زمانەکەدا هەبێت . وەکو زمانی ئەسکیتەکان (سکاییەکان) وەهایە . وە لە دەیان ناوی تایبەتی کە زۆر تر لە سەرچاوە یونانیەکانا هەیەو وەرگیراوە وەکو ئارتا ، فرن ، کسرت ، یان کستر ، ئەسپ وە هینی‌تر دوبارە کراوەتەوە ، وە ناتوانین ئەم ناوانە لەگەڵ ئەو ناوە تایبەتیانەی مادو ئاوستا وە یان پارسی وەکو ئارت‌و فرن‌و حشترو ئەسپ (ئەم وشانە هەر یەکە مانایەکیان هەیە)(١١٧) بەراورد نەکەین . ئەمە ئەوەو ئەگەیەنێ کە زمانی نووسراوە ئەسکیتیەکان شێوەی ئیرانیە بە شوین ئەم بەراورد کردنەدا دیسان ئەتوانین ناوی لەیەك چووی زۆر بدۆزینەوە و ئەوە بسەلمێنین کە ئەمە شتێکی رێکەوت نیەو بەلکو شتێکی راست‌و رنکخراوە .

بروانە ل : ٧

من ئۆ..!

- من پڕ بەدڵ حەز ئەکەم لەگەڵ تۆی (زین)دا بژیم‌و پێکەوە پیرو خەرۆ ببین . هەتا ئێستە چەند جارم پێ وتوویت من شەیدای تۆم‌و بوونم بەستراوە بە بوونتەوەو ژیانم بەندە بە ژیانتەوە .. لە مەولا وەك مەجنون بیابان ئەگرمە بەرو ناگەڕێمەوە هەتا ئەگەم بە مەبەستم‌و توینێتیم ئەشکێ‌و کرداری ناهەمواری ئێستەو رابوور دووی جیهان پەیزەن ئەکەم .. هەر چەند خۆشەویستی من‌و تۆ لەگەڵ لەیل‌و مەجنونا بەراوورد ناکرێ .. ئەو پلارو هەرەشانەی لە لایەن ئەهریمەنەوە لە سەر تۆی خۆشەویست ئاراستەم ئەکران هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕن‌و خۆشەویستی تۆ لە لای من کپ ناکەن ، وە لە پاشە رۆژ دا بە تەنگەوە نابم کە خۆشەویستیت لای ئەهریمەنە کەش بدرکینم .

- من دەمێکە ئەمەوێ تۆی (مەم)ی‌ا بیر بکەیتەوە .. ئەگەر وا بیرت کردەوە . ئەهریمەن پرزە بڕاو ئەبێ کە پرزە بڕاویش بوو رۆژمان هەڵدێ‌و هیوا بەرەو رومان هەنگاو ئەنێ ..

خۆت ئەزانی کە ئەهریمەن دەمێکە وەك گورگی هارکە وتۆتە دەمە مەڵاسکێ‌و ئەیەوێت ئەتکم کات‌و باخ‌و باخاتم بڕنێ‌و دەم‌و چاوم تێك قوپێنێ‌و ناوم بنێ (صفیە)ە وبم کات بە ئەلقە لە کۆی‌و مۆری دیلێتی بە ناو چاوانمان بنێ‌و جەرگ‌و هەناووم خان بڕ بکات .. ئەزانی ژنەکەی نەزۆکە لە بەر ئەوە گەڕێ ئالانۆتە من‌و ئەیەوێت ئابروم بەرێت ، بێگومان ئەوسا کەلکی تۆشم پێوە نامێنیت‌و بە ئارەزووی خۆی ئەکەوێتە وڕم بازی‌و گوازتنەوەم .. دەمێکە پێت ئەڵێم بەڵام زوو هیچت لە دڵداری نە ئەزانی‌و ئاەۆژگاری یەکانی خەڵکی چەواشەی کرد بوویت‌و ئەو فریشتەی ئەوان باسیان بۆ ئەکردیت بە خەوپش نابینرێ‌و بوونی لە (عەنقا) دوورترە .. ئەیانەویست فریشتەی راستە قینەت لە بیر بەرێتەوە ئەویش (منم) . قسەکانی باوکت وبراکانت ودایکتم لە بیرە کە ئەیان وت:

● ئەمەیە بە لای ناگەهان‌و فیتنەی ئاخر زەمان .. لە باوو باپیرمانەوە بۆمان بەجێ ماوە ئەوان ئەمرمان بە سەرا بکەن‌و ئێمەیش بەڵێ یان بو بکەین ..

جەنابت حەز لە (زین) ئەکەیت ..؟ ئەی نە خۆزانت بێ ..

سەلام مەنی

براکانت بەکوشت مەدەو گەرمە ئاڵێنە ئەهریمەن

بەڵام ئەم قسانە لە خشتەت نەبەن .. ئەیانەوێ بێ ماڵ‌و شوێن بێ‌و لە فریشتەی راستەقینە بێ بەشت کەن.. ئێستەیش قسە هەزارەو دوانی بەکارە .. ئەو دوو قسەیش ئەوەیە . نە من قسەکەی ئەو رۆژەی تۆم لە بیر بچێ کەوتت تا ئەهریمەن نەم خنکێنی دەم لە خال ناگوێزمەوە،وە نەتۆیش قسەکەی ئەو رۆژەی منت لە بیر بچێ کە وتم ئەهریمەن ئابروی منی برد بێگومان ئابروی ئویش ئەبات .

بارام

ئەی گوڵی دەزگیرانی رۆژ
خاوەن باوەڕ
تۆ سەلماندت
دەس لە رووناکی هەڵناگری

O

تۆ .. چەندە ڕۆژت خۆش ئەوێ
ئێمەش هەمو ...
هەموو وەك تۆ
دڵداری یەك خۆشەویستین
ئەویش خاکی کوردستانە

O

پاسەوانی نەخشەیەکی زەوت کراوین
ئەویش مەڵبەندی خۆمانە

O

دەزگیرانی پەیکەرێکی بێ نیشانین
ئەویش قیبلەی ئامانجمانە

O

ئامانجمان
ئاواتمان
تێکۆشانمان
شەوی مێژوو ئەسووتێنین

- داس -

دوینێ لە ناو بەرین و سبەینێ دروست بکەین

بەڵام ئەمڕۆ هەرچەندەسەرەتای زنجیرە کورانیکی پیشکەوتن‌و دەرەبەگایەتی‌و چەندەها سەربەستی دیموکراتیانەبەولاتدا بڵاو بێتەوەو دەزگای ئیسلاحاتی تر .. ئەمانە هەموی زارەکانیان‌و لە ریشە هێنانی دوینێ لەناو بەرێت .

- بارام -

پۆستەی خوێنەران

● **کاك قەزازی شاعیر :**

ماوەیەك لەمەوبەر بەهۆی رۆژنامەی هاوکاریەوە داوای ناوونیشانەکەیان کردبو ، ئەویش بە نامەیەکی تایبەتی ناوونیشانەکەی بۆ ناردوین ئەڵێ :

ناوم عەبدولکەریم عەبدوڵلایە لە گەڕەکی سێتاقان لە هەولێر دائەنیشم لە شەقامی (دەرسیم) وە قوتابی قوتابخانەی ئامادەیی کوردستانم .

× **کاکە دڵگیر خۆشناو :**

وا بزانم هەر ئەمەندە لە شیعرەکەت بۆ بڵاو کردنەوە ئەشێ :

دڵدارێکم هەیە دیلە
چوار پێوەنی لە پێدایە
بەرگی میللی لەبەردایە
بیری ئازادی نەتەوەی
لە سەردایە
ئاخۆ کەی بێ زەماوەندی ژیان بکەین !
دەست لەملی ئازادی کەین
دڵدارە کە پێ بکەنێ
بەرگی ماتەمین بگۆڕی
گیانە ! ئەمەش کاتێك ئەبێ
کە رۆژ هەڵدێ
کە رۆژ هەڵ بێ
.....

× **بۆ خاوەنی رێبازو قۆناخی ئەدەبی پیرەمیرد :**

کاکی برا نووسینەکەتان سەرەتاکەی زۆر جوان بوو ، بەڵام لەنیوەی بەدواوە بە رەوامان نەزانی .. ئەگەر واش بێ ئینجا بۆ لەم کاتەدا ...؟ تکایە ببورە .

× **کاك کەمال سەعدی ل هەهولێر :**

شەوەزەنگەکەی جەنابت بە راستی شەوەزەنگە مەگەر تیشکی خۆ ماندوو کردن‌و خوێندنەوەی مەسەلە ئەدەبیەکان روناکی بکاتەوە .. تاقانە برا ! شێوەی نووسینەکەتان بە تەواوی لە چەرخ نەداوە رەنگ بێ لە تاقی کردنەوەی قوتابخانە زۆر ماندوو بوبێت بۆیە بایەخت زۆر بە نووسینەکەت نەداوە ، زۆرمان پێ خوش بوو ئەگەر بەشێکی بۆ بڵاوکردنەوە بشیایە ، بەڵام ببورن .

× **کاك ئەبوبەکر خۆشناو لە هەولێر :**

ناوەرۆکی ئەو شیعرەی کە نووسیوتە (من ئەمەوێ) ئێمەش ئەمانەوێ ! بەڵام نەك بەو جۆرە دەربڕینەی کە بێ پەروا لەم رێگایەوە ئارەزووەکانی دەر ببڕێ ..

× **کاك کازم عەبدوڵا کۆیی :**

شیعرەکانت تەنیا لە رووی رێزمانەوە بەدڵمان نەبوون ئەگەرنا رووەکانی تری هەموی باش بوو ، ئەوا ئەم چەند دێڕەمان لێ هەڵبژارد ..

خۆشە لێدانی شمشاڵ
بکەویە بەحری خەیاڵ
شوان لێیدا بە دەنگ بەرزی
زەمینی پێ بلەرزی
بڵێ کوردستانەکەم !
بت بینم بە سەر بەرزی
.....

× **کاك شیرزاد نانەکەلی لە هەولێر :**

لە شیعرەکانی (فاسیلی فیودورۆف) تێ نەگەیشتین ئیتر نەمان زانی هەر شیعرەکە لە خۆیا لاوازە یان جەنابت لەبەر فرە نووسین نەت پەرژاوە ورد لێکی بدەیتەوە .

× **کاك عەتا باتاشیا لە سلێمانی :**

ئەم برایە نامەیەکی بۆ ناردوین لە نامەکەیا ئەڵێ :

(لە ژمارە ٢٢١ی هاوکاریدا وینەی ئاواییەکتان بڵاو کردەوە بەناوی - وێنەیەك لە کوردستانەوە - بەڵام نوسیوتانە ئەو برادەرەی وێنەکەی بۆ ناردوین ناوی ئاواییەکەی نەنوسیوە) .

ئینجا خۆی نوسیویە ئەڵێ : ئەوە وێنەی ئاوایی (دەرەویان)ە لە قەرەداخ وە مامۆستای قوتابخانەکە لەسەر بانی قوتابخانەکەوە لە کاتی تەواو بونی دەوامی قوتابخانەدا گرتویەتی .. ئێمەش زۆر سوپاسی کاك عەتا باتاشیا ئەکەین .

× **کاك ئازاد عەبدولواحیدحەویزی :**

لە بارەی زانای خوالێ خۆشبوو مستەفا گەردی‌یەوە کورتە باسێکی بۆ ناردوین .. زۆر بە کورتی باسی ژیان‌و بەسەرهاتی ئەم زاتە ئەکات .. تکایە ئەگەر لە بارەی ئەم زانایەوە باشتر ئەزانێ وە یان کێ ئەزانێ لەگەڵ نموونەی بەرهەمە ئەدەبی‌و ئاینیەکەیداوێنەیەکی (ئەگەر هەبو) بۆمان بنێرێ زۆر سوپاسی ئەکەین .

× **کاك تارق منتك لە هەولیر :**

پارچە شیعرێکی خوا لێ خۆشبوو (محەمەد شەریف میهری) بۆ نادروین ئەمە بەشێکیەتی :

شەوو رۆژم وەك زیندانە
دەردی دڵم بێ دەرمانە

پروانە ل ٧

institut kurde de paris

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردی

بۆزانین

دوا بەدوای بۆزانینی ژمارە(٢٣٠)ی رۆژی ١٩-٦-١٩٧٤ لەبەر ئەوەی ژمارەیەکی کەم لەدەرچوواز ی قوتابخانە ئامادەییەکان داخوازی خۆیان لەبارەی دامەزراندنیانەوە لەم دەزگایەدا بە وەزیفەی (کاتب) پێشکەشیان کردوە ، وە بۆ ئەوەی زۆر تر ماوە بە هاونیشتمانیەکانمان بدەین کە بەشداری تاقی کردنەوە بن ، ئەوا بڕیارمان دا ماوەی تاقی کردنەوەکە دوا بخەین بۆ رۆژی پێنج شەممەی رێکەوتی ٢٥-٧-١٩٧٤ وە چاو پێ کەوتنیش هەر لە هەمان رۆژانەبێ .

جەمال بابان
بەڕێوەبەری گشتی و سەرۆکی ئەنجومەنی بەڕێوەبردن

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردی

بۆزانین

دوا بەدوای بۆزانینی ژمارە (٢٥٠)ی رۆژی ٢٣-٦-١٩٧٤ بۆ ئەوەی ماوەی ئەوانە بدەین کە ئەمسال لە قوتابخانە دەرچوون کە پێ رابگەن بەشداری تاقی کردنەوەی ئەو وەزیفانە بکەن کە شاغرن وە لە بۆزانینی ناوبراودا دیاری کراوون ، بڕیارمان دا کە تاقی کردنەوەکە تاکو رۆژی یەکشەمە رێکەوتی ١٦-٧-١٩٧٤ دوا بخرێ وە هەر لە هەمان رۆژدا چاوپێ کەوتنی ئەو کەسانە تەواو ئەبێ کە داخوازیان پێشکەش کردوە .

جەمال بابان
بەڕێوەبەری گشتی و سەرۆکی ئەنجومەنی بەڕێوەبردن

پاشماوەی : مێژووی ماد

ئەگەر مەبەست لەسەرکەمی زاراوەکان بێ کە شێوەی لەیەك چوون و بەراورد کردنیان کەم بووە ، ئەمە زۆر بە گران ئەسەلمێندرێ ، وەیان نزیك بوونەوەی نێوان زمانەکان زۆر دوور بێ و نەتوانرێت بە بێ هۆیەکی رەوا ئەوە دیاری بکرێ . بەم جۆرە ناتوانین هیچ ئوسلوبێك بگرین بە دەستەوە .. تەنیا ئەو ئوسلوبەنەبێ کە بتوانین بە هۆیەوە مانای وشەکانی زمانە وون بووەکان بدۆزینەوە کە ئەوەش ئوسلوبی دارشتن (ترکیب)ە (بەڵام دوای ئەوە ئەتوانین ئەوانە لەگەڵ وشەی زمانەکانی ترا بەراوردو بەرامبەر بکەین ، بەکار هێنانی ئەم ئوسلوبە زامنی ئەوەیە کە ئێمە تەنیا ئەو دارشتنانەمان بەراوردنەکردوە کە لە شێوەی فونەتیکدا لەیەك ئەچن بەڵکو ئەو وشانەشمان بەراورد کردوە کە لە فونەتیك و ماناوجۆری بەکار هینانیانا لە یەکتر ئەچن ،وە لەیەك نەچوونیشیان دیسان لەسەر ئەساسی ریکخستنی جۆری وشەکانە .) ئوسلوبی ناوبراو بریتیە لە بەکار هینانی وشە لە چەندشوێنێکی جۆراو جۆردا وە ئەو مانایە کە لە هەمو کاتەکانا پڕ بە پێستی وشەکەیە دیاری ئەکەین ، ئاشکرایە لە کاتی ون کردنی سەر چاوەکان و کەمی جۆری دارشتنی وشەکان ناتوانین ئەم ئوسلوبە بەکار بێنین . بەڵام ئەم بەکارنەهێنانە وە نەبێ ئەوە بگەیەنێ کە ئەم ئوسلوبە بە درۆدەرئەچێ .

لە میژوی (فقه اللغه)ی روژهەڵاتی کۆندا گەلێك سەرچاوە بووە ، کە نووسینەکانیان کۆن و نەزانراو بووەو بە پێی ئوسلوبێکی هەڵەوەریان گێراوە ، واتا بۆ گۆڕینی وشەی مانا ون بوو (مجهول المعنی) لە زمانە ئاشکراکانی تر وشەیەکیان هەڵبژاردوە کە لە بەکار هێنانا لەو وشەیە چووبێت . ئەم جۆرە وەرگێڕانانە هەمویان بێ سەرو پێ و تاریکن (١١٨) .

ئاشکرایە لە لێکولینەوەو لێکدان و بەراورد کردنی وشەکان بە تەنیا وەکو ناوی تایبەتی و نامەی شوێنەکان کە بەو ئوسلوبە هەڵەیەلێك دراوەتەوە لەگەڵ وشەکانی پێش و پاشی خۆیانا ماناکانیان پێکەوە ناگونجێت ئینجا لەبەر ئەوە ناتوانرێت مانایەکی رەسەنمان دەست بکەوێت لەگەڵ ئەمەشدا گومانی تیانیە کە ون کردنی هۆی لێکولینەوەی راستی وشەکان نا بێتە هۆی باشی ئەم ئوسلوبە بەم جۆرە ئەم جۆرە ئوسلوبەو ئەم جۆرە بەراوورد کردنە هیچ نرخێکی زانستیانەی نیە .

- ماوێتی -

پاشماوەی : نازی

بە نەشئەی یاری دڵ مەی بەستە بێ مەی
لە عەکسی بادە ساقی واڵە مەیدا
قەدەح فنجانە ئازاتێکەسادەی
بەسەر چوو دور لە تۆ باخی خەیاڵات
نەبۆنی ما ، نەبوونی مانەخونچەی

بۆ دوا جار لەتەمەنی (٧٠)ساڵیدا لە (بێ لو) کۆچی دوایی ئەکات و لەوێش ئەنێژرێت . ئومێدەوارین لە هەڵێکی ترا بتوانین پتر لە سەر ئەو شاعیرەبەرزە بدوێین وە شیعرەکانی زیاتر بخەینە پێش چاوی خوێندەوارە بەرێزەکان مان .

پاشماوەی : بۆستەی خوێنەران

× بۆ کاك مستەفا عەبدول قادر شوانی :

نووسراوەکەتمان بێ گەیشت لەبارەی ئیشکردنتانەوە لە رۆژنامەی هاوکاری دا تەماشای ژمارەکانی (٢٢٢ ، ٢٢٣ ، ٢٢٤ ، ٢٢٥) بکە لە لاپەڕەی (حەوت) ـەمدا .. ئەگەر مەرجەکانی لەگەڵ جەنابتا ئەگونجێ ئێمەش بەگەرمەوە بێشوازیتان لێ ئەکەین .

× کاك بیستون لە هەولێر :

براگیان ئەو رێبازە ئەدەبیەی بەهیوای لەسەری بڕۆی بەتاقی کردنەوە دەرکەوت کە ریبوارەکانی بەر لە جەنابت تیایا سەرکەوتونەبون ، چونکە ئەوەتەدە رەمزو رەمزکاری نەك رێگاروناك ناکات بگرە سەر لە خەلکیش ئەشێوێنێ ..!! بەقسەی برای خۆت ئەکەی واز لەو رێبازگەیە بێنە و خوتی پێوە ماندو مەکە ، باشتر ئەوەیە بەو جورە بدوی کە زۆربەی زۆری گەلەکەت لیت تی بگەن ..

پاشماوەی : کارەساتێت

روژا ٢٨ خیزانێ وان دادگەها گازیکرنە هەندەك نیشتمان بەروەران و کێشانە بەر میزا مەحکەمێ ویکورێی وبێ سەرگێژی رێژ کرن و گوێنێ « وە فکرا چیقاتا خۆ کربو ل سەر ئامانجەکێ ئەوژی ئەفەبو : دامەزراندنەکا کور ستانەکا سەر بەخۆ ، ڤێ نومێدی هۆن کێشانا ڤێ شولێ جا ئەم ژی دی بەهای هەوە ل سەر سێ داری دەین « مشانق » .

هوسا نیڤیسەڤانی هیژا « ڤاندۆم » شولا « مسأله » ئەرمەنیا هەمی کارەساتە ، چا باوەر بکە هندیکە کوردن میللەتەکێ سێوێ وژێر دەستن ، هەمی رەنگێد نەخوشی و بیزاڤی یێد دێتن ، هیڤنی دکەن هەمی دەما کو شولا برادەرێد وان ئەرمەنیا بیتە جیکرن براست و دروستی ، جونکە دلی کوردان نازکە وپر ئەڤینی یە بۆ هەر میللەتی هەژارو ژیر دەستێد بیبانیا بیت ، زك بچکار بینت ئەز نوزانم ژ نەزانینا تەیە ئان ژی ژ عینرینا تەیە « عصبی » لگەل کوردان ، وەکو ، چرا تو بدەڤێ خۆ دبێژێ کوردان پێ نەخۆشە ژ سەر ئاخا خورایی ؟ چرا تو کوردان بێ بار دکەی ئانکۆ دبێژی بەری بیست و بنج سالا چەی وان ی ی ئەرمەنیا بو ؟

بیت ڤی یە ئەم ل ڤێری بینەکێ راوەستن و قەنج هزرا خو بکەین ، ئەرێ کوردان دڤێت میشەخت بن ؟ نەخیر .. جونکی ئاڤە ، ئاخا وانە ، تانکو ئاخا کوردانە زبەرێ داو هەتا نوهە ، وولات وولاتێ وانە ، ماڤێ ژیانی وان هەیە ل گەل چاڤدێریا وان ل کیما سیێد دی نێ جودایی جا ڤاندۆم چرا دەولەتەکا وکۆ رۆسی ووزدانا وێ دی گرێت کۆ ئەو دە « ١٠ » مەلیون کوردان میشەخت بکەتن ژ سەر ئاخا وان یاکۆ پتر ژ نیف مەلیون کیلومترا ، ل هەرێما روژهەلاتا ناڤەراستدا ؟ ئەم هەمی دزانین رۆسی دەولەتەکا خودان بەختە جودایی ل جەم نینە ، ئانکو هەفبەری تاکەت دنیف کومەل و نەتەوەکاندا ، هەمیان بچاڤەکێ مێزەدکەت ، چا پچەرێ ئەودێ ڤێ کریارێ کەت داکۆ سەد هزار ئەرمەنیا دانتە شونا وان ، ئانکو خوچە بکەن ل کوردستانی ، ماخو ژی وەکو حوکومداریت تورکان نیتە نەخاسیمە تورانیا ، یێدکۆ کورد در بەدەر کرن ، بەردانە دنێ وەکو هەندیك هاژوتیتە شامی عراقی و یونان .. هتد .

چاپشتی ئەزڤێ گوتارێ بدوما هێك بینم بیت ڤی یە بچاڤەکی راستو دروستو زانینی میزە بکەینە وان کریارا یێد دژی ئەرمەنیا هاتینە کرن ، حەیفا من ئەوە کۆنەف سەر برینە گۆنەها وان دکەفتە ستوی حوکومەتا تورکان ل وی دەمی دا نەخاسیما دەستەکا تورانما ، دەستێ کوردان ل گەل وان کریارانینە ، یێدکۆ دێروکا وان رەشی ل جەم وان نینە بۆ هەر هەمی دەما پرەژبیزاڤ و خەبتینی کەسەکی خۆ رزگار بکەت ، دژی زولمادارو کۆنەپەرستان ، ڤاندۆم راست گوتی یە چاخی چوشیك تێدانینە کژخەلکی دنێ وبێژی « کوردان سەربری ڤان راستیا دێ قەنج زانین و خوشتر دڤێت ژمیشەخت راستیا خەباتا وان ماکۆ بوونێ » ، وەلی حەیفا من ئەوەتە دهەمی دا ژبۆ ماڤێ خوکری چا هەمی بیرو باوەرێت خۆ تێکەل ئەگەر رێك بخونا مروڤان کرینە ، کەس نەشێت بە روتبین بدەمەکی زێ دێ بومە ساناهی ژێك ڤەدەر کەت ، چا خۆیا ببت و دی ڕیکا مە رۆنبیت .

پاشماوەی : چیروکی منالانە

ئینجا فارسەکان ئەڵێن : پیرەژن .. کوردواتەنی پشیلەکە
پشیلەکە لەو کاتەدا وتویەتی : تا گیری بە دەست تیربارانی
اگر جستم از دست این خزمەتکارەکانەوە نەخوارد
تیرەژن قەدری عافیەتی نەزانی !! ئینجا
چەند خۆشەمرۆڤ لەزەمینەیەکا
من و موش و ویرانەی پیرەژن بژی کە سەربەستی تیابێت و بە
واتا ئەگەر لە دەست ئەمهیوای خەڵات و پاش خوانی
تیرەباران کردنە رزگارم بووبێگانەوە مل نەنێ ..
من و مشك و خانووە ویرانەکەی

O

پاشماوەی : خان ئەحمەد خان

زێگان خانەقینەوە لەشکرەکەی ئەگێڕێتەوە دواوە بۆ شارەزور ـەندێك لە سەرەك عەشیرەتە کوردەکان چەك لە تورکەکان وەر ئەگرن و رێگا بە لەشکری ئەردەلانی ئەگرن .. لە دیێ (چەمەرگە) لە گەرمیان لەشکری زایەر بەگ) ئەشکێ و خان ئەحمەد خان بەدەستی خۆی زایەر بەگ ئەکوژی و خۆی ئەگەیەنێتەوە چیاکانی زەڵم و سورێن و بناری شارەزور لەشکری فارسەکان لەبەری زوژهەلاتی زەڵمەوە پشتیان لێ ئەگرن ، لەشکری تورکەکان و بێگانەکان ئەگەنە ناوچەی شارەزورو چیاکانی دەربەندی ـخان .

ساڵی ١٠٤٦ ئەمیری ئەردەلانی لەناو ئەبەن و میرنشینەکەیان ئەروخێ ..

دوای ئەوە بنەماڵە کەیان ئەگوێزێتەوە بۆ شاری سنەو ئەکەونە ژێر فەرمانی سەفەویەکانەوە .. (فازڵی شارەزوری) زانای بە ناوبانگی ئەو سەردەمە باسی دەسەڵاتدارێتی خان ئەحمەد خانی بە حیسابی ئەبجەدی بەم چەند دێرە شیعرە فارسیە داناوە ئەڵێ :

خان اکراد یعنی خان احمد
سال (بخت) آمد از عدم بیرون
سال (گنج بخت) یافت حکم جلوس
در (غلط) گشت واله وو مجنون
باز صحت بیافت اندر (غم)
یافت حکم ز پیشتر افزون
سال (غمها) هزیمتش دادند
رفت بیرون ازاین زمانەی دون

●

واتا : خانی کورد .. خان ئەحمەد ساڵی ١٠٠٢ لە دایك بووە ، ساڵی ١٠٢٥ چوەتە سەر تەخت ، لە ساڵی ١٠٣٩ شێت بووە ، لە ساڵی ١٠٤٠ چاك بۆتەوەو لە جاران باشتر دەسەڵاتی گرتۆتەوە دەست ، لە ساڵی ١٠٤٦ کەمارۆیان داو لە دنیا دەرچوو .

●

هەمان کتێبی دەست نووس ئەڵێ : لە ساڵی ١٠٣٩ی کۆچیدا کەریکەوتی ساڵی نەخۆشیەکەیەتی ئەشکەوتەکەی زەڵمی هەڵکەندوە .. لەوە ئەچێ بیری لە شەرێکی سەروماڵی کردبێتەوە کە بۆ خۆ حەشاردان و خۆ قایم کردن پێویستی بە ئەشکەوت و شوێنێکی وا سەخت بووبێت !!

- مام هۆمەر -

پاشماوەی : یادداشتەکەی بابلوی نەمر

هێندەی خواوەندەکان بلندن
بتی پیشە سازی ، بێ چرکەوەستاون
شیرە کانیشان بەدەستەوەیە
لە سەر پشتی ئەسپە مۆن و گرژەکانیان قنج دانیشتوون
لەم پەیکەرانە بیزارم

× ×

بەرد کە لەکەکردن با بەس بێت
ئەگەرپەیتا پەیتاو بەر دەوام
دنیا بەم شتە بێ گیانانەپرکەین
ئەی گیاندارەکان لە کوێدابژین
لە بیر کردنەوەش بیزارم
با منداڵانی ساواامان
بۆنی گوڵی کێوی هەڵمژن
لە زەویەکی نەکێندراودا ،

× ×

لە پشکویەکی گەشاوەدا ،دوور لەم هەوایەی هەموو
کەس هەناسەی پێ ئەدات
بەرۆکی منداڵان بەردەن
با لە ئاشتیدا بژین
بەری ژیانیان بۆ بەرەلاکەن !
لە جیاتیان بیر مەکەنەوە

× ×

کتێبەکۆنە کانیان پێ لەبەرمەکەن
با خۆیان بەدوای ئاسۆدابگەرێن
رۆژ بدۆزنەوە .
ئەمەوی بیزارم کەن
لەگشت ئەوشتانەی پیرێتیمان تیادا ئەرۆینێت
لە وانەی بەتەمان
مرۆڤ بسوێت
ماوەی ئەوەمان بدە بیزار بین لەوانەی ئەمرن و
وەك پاڵەوان ناجەنگەین

رۆشن

باکۆرپەکانمان بەخێوکەین



با کورپەکانمان تێرو تۆخ بن با ئێمە ماندوو بین و ئەوان بە بەختیاری بژین .. ئەمسەرزەمینە بەرینەمان کە سروشت کردویە بە چاڵی گەنم ، با دەست لەمل ماندوێتی بکەین و ئەوەی چاندوومانە بیدروینەوە .

پیاوی ئازاو کارامە هەرگیز لە هیچ کاتێکدا دانامێنێ ، ئارەق ئەرژێژو خێزانی بەخێو ئەکات .. با وڵاتەکەمان پڕ کەین لە ئامێری تازەی کشتوکاڵ و خۆیشمان لەبنەڕەتەوە بگۆڕین و ببینە ئیشکەرێکی تەکنیکی وژیانی نوێ دروست بکەین .

× ×

پاشماوەی : هەڵبژاردەو تومار

خرنێ ماڵم خرنێ ، خرنێ ی گوارەکەی
خۆم بم ، بە قوربان لە نجەو لارەکەی
ئەوا هاتەوە لە ماڵی پوری
دەس بە جامەوە ، پەنجە بلوری
ئەڕۆم بە ڕێوە ، ئەژنۆم ئەلەرزێ
لە دوام جێماوە ، یەك باڵا بەرزێ
لە سەر داهاتی ، نەت کرد نیگایێ
خۆت بە شازانی ، من بە گەدایێ
حاجیان لە حەج ، مەلەکان لە غەیب
دڵداری خۆشە بۆ من بو ، وە عەیب
هیچ عەیبت نیە ، غەیری رەشی یەکەت
ئەویش بە قوربان ، قسە خۆشەکەت
کاول بێ گەرمیان ، ئاویان لە بیرە
خۆشە لای خۆمان ، جێگای ، دڵگیرە
جاهێل بە دوشت ، ئە بێ دێوانە
شەقەی ماچ و موچ ، پای لوتەوانە
خرنێ گیانم خرنێ ، خرنێی لێوە بێ
مەلا لە مزگەوت با گوێی پێوە بێ
خرنێ گیانم خرنێ ، خرنێی مالی مەلا
هاتوە بۆ لای من ، یەخە بە رەللا
خرنێ گیانم خرنێ ، خرنێی مالی حاجی
دەردێکم گرتوە ، نیە عیلاجی
خرنێ گیانم خرنێ ، خرنێی مەر مەڕی
دەرگام لێ بکەوە ، دڵم دەرپەڕی
هاتینەوە هاتینەوە
هەتا نەیبەین نا چینەوە
ئەو مالانەی خۆم دەیزانم
بەردیان بۆ دێنم بە شانم
هێشتا ، منەتە ، لە گیانم
هەتا نەیبەین نا چینەوە

× ×

ئەمان ئەمانم دێ
بۆ حالی لەیل گریانم دێ
هەتا نەیبەین نا چینەوە
لەیلێ هەڵسە ، با بچینەوە

× ×

هەر وا دەرۆن بۆ سەر بیرێ
سوخمەی زەرد و کەوا سورێ
هەتا نەیبەین نا چینەوە
لەیلێ هەڵسە ، با بچینەوە

× ×

ئەوا مالیان بەو گردەوە
ئاوی لە کانی بر دەوە
بەو دەم و دانی وردەوە
هەتا نەیبەین نا چینەوە

× ×

شەرتم کردوە ، تا بمینم
لە روی زەمین ، هەر تۆ بێنم
هەتا نەیبەین نا چینەوە
لەیلێ هەڵسە ، با بچینەوە

× ×

بەو ئەستێرەی بە قەنیل کۆو
بەو بایە دەژیم ، کە دێ لە لای تۆ
هەتا نەیبەین نا چینەوە
لەیلێ هەڵسە ، با بچینەوە

× ×

یار زەینەب زەینەب ، زەینە بێ من
ئێوارە درەنگە ، نایێ ، چاو رەشێ من
با لەخانەی چەم ، چەترێ لە بانی
یارم نەخۆشە ، دور بێ لە گیانی
ئەوە نە شیرینی ، وەك شەکر خاوی
ریشەی بۆیەمە ، هاتە بان چاوی
سەری هەڵبڕە ، سەیری گەردون کە
سەیری گر پەیی پیرە دەرون کە
هەڵسە لە خەوێ ، هەر تۆی خانمی
سوێندت بۆ دە خۆم ، روح و گیانمی
باریك تۆ مەرۆ ، پەشتە ماڵ لە پشت
غەریبیەکەی تۆ ، خۆ عالەمی کوشت
یار لە سلێمانی ، لە حوجرەی حەوت رەنگ
منیش لێرانە ، غەریب و دڵتەنگ
لایێ تۆ بزاوە ، سەر تۆپ جەباری
خۆ گشتت کوشتوە ، ئەوەن نازداری
دەمەکەت بێنە ، تێر تێر بیمژم
کێ تەفرەی داوی ، ئەمن بیکوژم
دە مەکەت بێنە ، ماچی کەمەوە
لە کێ تۆراوی ، ئاشتت کەمەوە
دەمەکەت بێنە ، بیخە ناو دەمم
تاکو ساکین بێ ، دڵەی پڕ غەمم
جوا بێ ئەنیرم بۆ شاری یارم
بە دو دەس مەڵحەم ، بکەن تیمارم
شەتەکەی دوکان ، ئاوەکەی لێڵە
سوپای مەلەکان وەربەندە خێڵە
هەی لە بێوەژن چەن حیلە بازە
کۆنەی پێم فرۆشت ، بە نرخی تازە
دەستەی بێوەژن ، حەوتی بە پاچێ
تەڵاقم خواردوە ، بە ماڵم ناچێ
دەستەی بێوەژن ، هەژدەی بە گایێ
سوێندم خواردەوە ، بە ماڵم نایێ
لە داغ بێوەژن ، چوم بۆ هەڵەبجە
کەوتۆتە شوێنم ، بە لارو لەنجە
ئەوەی لە باخەڵ بێوەژن خەوێ
وەك مامرە کڕ ، کولانەی دەوێ
هەندێ بێوەژن ، شالی کرمانی
هەشتا کج عازەب ، بێتە قوربانی
ئەوەی لە باخەڵ ، کۆر پەکچ ، خەوێ
ئەویش نەفامە ، شەو سەر مای ئەوێ

insitut kurde paris

رۆژنامەی "هاوکاری"و دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردی

زۆر ئاوات دێنە دی‌و زۆریش زینده بەچاڵ ئەکرێ .. دەزگا گشتی‌یەکان ئاواتی یەك کەس‌و دوو کەس نین ، بەڵکو ئاواتی زوربەی خەڵکن .. دەمێك ساڵە رۆشنبیران‌و خوێنەوارانی کورد بیر لە دامەزراندن‌و دانانی دەزگایەکی چاپەمەنی کوردی ئەکەنەوەو ئاوانە‌خوازی ئەو پرۆژە رۆشنبیری‌یەن‌و بۆی تێ ئەکۆشن‌و خەوی پێوە ئەبینن‌و ، باسی چاپ‌و چاپەمەنی کوردی‌یان کردۆتە بنێشتە خۆشەی ژێردان‌و یەکەمین ئاواتیان ..

بوونی دەزگایەکی چاپەمەنی بە هەر زمانێك بێ لە واقیعدا مانای رابەرتنی قەوارەی زیندوی ئەدەبی ئەو نەتەوەیەو زمان‌و ئەدەبی ئەو نەتەوەی خاوەن دزگایە ئەتوانێ ئەهمیەتی میژویی‌خۆی پێ بپارێزی‌و گەشەی پێ بکات ..

لە سەدەکانی پێش زاینیدا کە زوربەی ناوچەکانی قارەی ئاسیا بە خەتی ئارامی یان عیلامی ئەیان نووسی بەسەرهاتە گرنگە کانیان لەسەر روی تاشە بەردەکان تۆمار ئەکردو موغ‌و کاهنەکانیش ئەو باسانەی کە پەیوەندی بە ئایینەوە هەبوایە : **(بۆ بەرژەوەندی خۆیان وەیان هەر هۆیەکی تر !)** لەسەر روی سواڵەت یان پیستەی گیان لەبەرێك وەیان پارچە تەختەیەك هەڵیان ئەکەند .. لەو روژەو بەر لەو رۆژگارەشەوە مرۆڤ پێویستی بە دەزگای چاپەمەنی بووەو ئەبێ .. بۆ ئەوەی ئەدەبی قۆناخی ئەو روژگارەی خۆی پێ بداتە دەستی نەوەی داهاتوو ..

دەزگایەکی چاپەمەنی هەر زمانیك یان هەر نەتەوەیەك مەرجێکی بنەڕەتی مان‌و ژیانی ئەدەبی واقیعی ئەو نەتەوەیەو پێویستی‌یەکی گرنگی رۆژانەی ئەو نەتەوەیە .

ئەگەر خوێنەواری بە قەدەر پێویست لە کاتی خۆیا وەك یەك ببوایە (لە سەدەکانی حەوتەم‌و شەشەمی پیش زاینیدا) ئاشوریەکان نەیان ئەتوانی دەس پیشکەری کەن‌و پوختەی باس‌و بەسەرهاتەکانی ولاتانی دەورو بەریان وەکو (عیلامی‌و ئەسکیتی‌و پارس‌ومادو دانیشتوانی ناوچەی ئاتروپاتین‌و زوربەی دانیشتوانی ئاسیاو ...) بە قازانج‌و شانازی خۆیان تومار بکەن ..

چاپەمەنی ئەمڕۆ بۆتە خۆراکی‌رۆژانەی شارستانیتی نوێ‌و راپەرینی رۆشنبیری هاو چەرخ ..

بەر لەوەی سەدەی نۆزدەهەم ئاوا بێت بەهۆی چەرخی نوێی چاپەمەنی‌و کەرەسەی چاپکردنەوە رۆشن‌بیری تەکنیکی لە کوردستانا بڵاو بۆوەو کەوتە چەرخە .. سمکو کە تەوریزی لە دەست دوژمنەکانی رزگار کرد یەکەم رۆژ فەرمانی دەرکردنی رۆژنامەیەکی کوردی‌دا بەناوی (کورد)ەوەو کۆمەڵێك مەلاو میرزای کوردی بۆ ئەم مەبەستە کۆ کردەوە .

لە سەردەمی حوکمداریتی‌شێخ مەحمودی نەمرا مەسەلەی چاپ‌و چاپەمەنی مەرجێکی بنەڕەتی حوکم‌و دەسەلاتداریتی شێخ مەحمود بووە .. کوماری میللی کوردستان کە لە ساڵی ١٩٤٦دا لە مەهاباد دامەزرا ئەویش گەلیك بایەخی بەم لایەنە میژوییە داو چاپخانە‌یەکی تایبەتی دامەزراند .

لە کۆتایی پەنجاکانا کە جوڵانەوەی سیاسی لە ولاتا تا ڕادەیەك شێوە ئاشکرا بوو کۆمەڵ‌و تاقم‌و ریکخراوە سیاسیە نیشتمانیەکان بە ئاشکرا کەوتنە ئیش کردن سەرەتای بەرەڵاکردنی ژیانی سیاسی دەستی پی‌کرد هەر کۆمەڵ‌و پارتی‌یە لەلایەکەوە مشوری ئەم مەسەلەیە خواردو کەوتنە دامەزراندنی چاپخانەو دەزگای چاپەمەنی

باری ئاڵوزی سیاسی لەولاتا تاوادەیەك ماوەی ئەوەی نەدا کە ئاواتی زوربەی ئەو کۆمەڵ‌و تاقمە سیاسیانە بیتە دی ..

لەگەڵ ئەم هەمو رۆژگارە نا لەبارەو ئەو دۆخە سیاسیە ئاڵۆزەی کە گەلی کوردی تیا ژیاوە بەدەم پیشکەوتن‌و بینای شارستانیەت‌و داکوکی کردن لەسەر قەوارەی سیاسی‌و نەتەوایەتی خۆی بەربەرەکانی کۆنە‌پەرستانی ناوخۆو مەسەلەی دەزگای چاپەمەنی کوردی هەر فەرامۆش نەبووەو نەکراوە .

لە سەرەتای حەفتاکانەوە پاڵە پەستۆ یەکی سیاسی نەتەوایەتی کەوتە سەر مەسەلەی دامەزراندن‌و هێنانە کایەی دەزگایەکی چاپەمەنی کوردی‌و .. بوو بەکێشە‌یەکی سەرەکی لەنیوان روشنبیراندا ئەوە بو میری بەلینی دامەزراندنی داو لەپاش ماوەیەك بەلینەکە هاتە دی‌و ئەمڕۆکە قەوارەیەکی ئیداری‌و دەستەی بەریوەبردنی ئەو دەزگایە دامەزراوەو خەریکی دروست کردنی لایەنە تەکنیکیەکانیەتی‌و بەیتا پەیتا بانگەواز بۆ ئەدیب‌و رۆشنبیرو کادرە روژنامەنوسەکان دەرئەکات کەلەدەوری قەوارەی دەزگاکەیان کۆ ببنەوەو خۆیانی تیا ماندوبکەن‌و ئاواتی چەند ساڵەی نەتەوەکەیانی تیا بێننە دی ..

رۆژنامەی (هاوکاری)ش کە لەگەڵ سەرەتای حەفتاکانەوە (٩-١-١٩٧٠) دەر ئەچێ ئەوا لە ١-٧-١٩٧٤ دا کەوتە ژێر باڵی ئەو دەزگا روشنبیری‌و چاپەمەنیەوەو لە مەودوا روژنامەی هاوکاری لە دەزگای چاپ‌و بڵاوکردنەوەی هاوکاری دەر ئەچێ.. بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایی لە دەزگای چاپەمەنی‌و روژنامەی هاوکاری ئەکەم کە یەکیان گرت‌و شا ئاواتێکی گەلی کورد هاتەدی وە هیوادارین کە گەلی کورد بەهۆی ئەم دەزگا چاپەمەنیەو روڵە ئیشکەرە دڵسۆزەکانیەوە ئامۆژگاری ئەمڕۆی بە نەوەی سبەینێی بگەیەنرو هەروەکو هیوادارین دەزگای ناوبراویش ئەو ئەرکە نیشتمانی‌و مرۆڤایەتیانەی کە لە پیناویا دامەزراوەو خراوەتە ئەستۆی بی هێنیتە دی‌و ئەهمیەتی تایبەتی خۆی بپارێزە .. یادگارە ئەدەبیە‌کانی کورد فەرامۆش نەکات .

— ئەردەلان —

یادکی دیمترۆڤ

محیی الدین شێخانی

کیورکی دیمترۆڤ‌سەرکردەی شۆڕشی بولگاریا ، یەکێك بو لە شۆڕشگێڕە ناودارەکانی جیهان ، ئەو مرۆڤە بەهەڵوێستەی ژیانی تەرخان‌کرد بۆ وودی هێنانی سۆشیالیستی‌و ژیانێکی پڕ لە هێمن‌و ئاسایش بۆ نەتەوەچەوساوەکەی ، لە ماوەی ژیانی‌دا جگە لە شەو نخوێنی‌و تێکۆشانی بێ‌ووچان ، خۆشی بەخۆیەوە نەبینی‌وە .

بەردەوام رابەری چینی پرۆلیتاریای دەکرد ، دژی کوشتن‌و جەورو داپلۆسین جەنگیوە . بۆیە چەندین جار لەلایەن فاشستە خوێن ڕێژەکانەوە دوچاری بەندیخانەو ئەشکەنجەو ئازار بووە .

دیمترۆڤ بەوپەڕی دڵسۆزی‌و گیان فیداکاری‌یەوە بەرەنگاری ئەونەخشەو پیلانە گەندەڵانەی فاشیستیەکان دەبوو ، کەدەیانە ویست مافی مرۆڤ پێشێل بکەن‌و تۆی‌ناکۆکی‌و دوربەرەکی لە نێوکۆمەڵ دا بچێنن .

ناوبراو ببوو بە چقڵێك دەچوو بەچاوی دوژمن‌و کۆنەپەرستان‌و تەنگی پێ هەڵدەچنین ، ئالای خەباتی نەبەزین‌و کۆڵنەدانی بەرز دەکردەوەو بەرچاوی ستەم لێ‌کراوانی رۆشن دەکردەوە ، هەر لەبەر ئەوەش بوو فاشیستەکان لە جەزرەبەو ئازار دانی درێغیان نەدەکرد ، بەڵام بەهیچ کلۆجێك بۆیان نەکرا بڕوای پۆلایینی بگۆڕن‌و توسقاڵێك لە سەر ڕێبازە راستەکەیدا لایبەن دیمترۆڤ ئەودڵێرە بوو کە لە دادگا داتاشراوەکانی نازی‌دا، پەنجەی لە نێوچاوی فاشستەکان دەناو گوناهباری دەکردن .

دڕەندەکان تا زیاتر ئەشکەنجەی دیمترۆڤیان بدابایە بیرو بڕوای پتەوتر دەبوو ، چونکە دڵنیابوو کە سەرکەوتن هەر بۆچینی چەوساوەیەو شکستیش بۆ زۆرداروچەوسێنەرانە . ساڵی ١٨٨٢ لەگوندە نزیکەکانی بولگاریاهاتۆتە دنیاوەو لە خێزانێکی هەژار سەری هەڵداوە ، وەلەرۆژی ٢-٧-١٩٤٩ پێلوی‌چاوی لێك ناوکەوتە خەوی ئەبەدیەوە، بەمردنی ئەم دڵسۆزە گەلی بولگاریاو هەموو گەلانی ئازادیخواز رۆڵەیەکی وەفادارو تێکۆشەریان لە دەس‌چوو ، نەمری‌و شانازی بۆ دیمترۆڤ‌و گشت شۆڕشگێڕێکی راستەقینە .

دوارۆژی دەریای سپی ناوەراست

شارەزایانی ١٣ وڵات کە لە سیمینارێکی دبلوماسی‌دا لە ئەثینا کۆبونەتەوەو لە بارەی دوارۆژی دەریای سپی ناوەراستەوە دووان .. بیروڕای هەمویان لەوەدایە کانگیر بووە کە ئەگەر بێتو دەریاکە پاك نەکرێتەوەو ماسیە مردوەکان‌و گیان لەبەری تۆپیوو نەخۆش‌و ئاوی گەناوی فڕێ نەدەن لەوانەیە پاش سی (٣٠) ساڵی تر دەریای ناوەراست بمرێ‌و زیانێکی گەورە لە کۆمەڵگای ئادەمیزاد بکەوێ .

بۆتان ئەگێڕمەوە

پورم گیرابەوە وتی :

ئەم مەسەلەی ئێوە وەکو باسی ئەو کابرا وایە کە لێیان پرسی ناوت چیە ؟

ئەویش وتی ناووم (زیادە دین) ٥ .

وتیان نەوەڵلا سەربەسەر دەرچۆ زیادەی خۆت بۆ خوت ! .

وتمان پورێ ئەی چی بکەین !.. ئەویش وتی :

باشترین شت ئەوەیە (نەشیش بسووتێ‌و نەکەباب)

گوڵزاری شیعر

شەبیهی جۆڵا رازی نەبێ بە سەر دڕی خۆی
مەڵێن فەساحەتی کوردی بە زمانێ تر ناگا

بەلاغەتێکی هەیە هیچ زمانێ نایگاتێ
لە بێ تەعەسوبی کوردانە بێ رەواج‌و بەها

— حاجی قادری کۆیی —

کۆیەی شاری ئەدەب و هونەر



کوردستان جێگای خۆی کردۆتەوەو .. هەروەها چەندەها ئاوازی فۆلکلۆری رەسەنی نوێ کردۆتەوە . هەموو شمان دەیەها جار لەگەڵ دەنگی بەسۆزی خاڵە (سێوە)ی هونەرمەند خو لاوینەتەوە ، ئەو هونەرمەندەی کە تا هونەر هونەر بێ دەنگی ئەمێنێ‌و جێگای خۆی لە دڵی مرۆڤی کوردا ئەکاتەوە ، وە ئەڵێم کێ بێ تا ئێستا بە شیعری شاعیرانەی (عاصی)و (مەلا محەمەدی کۆی)و (بێ خود) (١)و « دڵزار »و «سامی»و (حەویزی) ئاو نە درا بێ ..؟! کەواتە لەو راستیە گەیشتین کە وا شاری کۆیە هەمیشە ئەبێتە نموونەی شارێکی ئەدەبی‌و هونەری کوردستان . بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا پێویستە دەستی هاندان‌و دەست گرتن بۆ شاعیرو هونەرمەندو گۆرانی بێژەکانی کۆیە درێژ بکەین بۆ ئەوەی زیاتر لە دوێنی ئەمڕۆ هەنگاو بنێ‌و ڕۆژ خواستی تر بۆ خەڵکی چەوساوەی کوردستان بەجێ بێنێ ئەو پێویستیانەش کە تیپەکە گەرەکیەتی وەك (شانو)و (ئالەتی مۆسیقا)و زۆرەها پێویستی تر کە ئەرکەکەی بە زۆری دەکەوێتە سەر شانی میری‌و پێویستە جێ‌بەجێ بکرێن . تاکو ئەو تیپە ساوایە بتوانی بە باشی ئاواتەکانی کە خزمەتی گەڵ‌و نیشتمانە جێ‌بەجێ بکات . بێ گومان ئەمەش کە لێنێکی گەورەی لە مێژووی ئەدەب‌و هونەر پڕ ئەکاتەوەو زیاتر لە جاران ئەبێتە پاڵپشتێك بۆ هەنگاوی تازەو سەرکەوتوو تر لە ڕێگەی پێشکەوتنی ئەدەب‌و هونەر کە هەمیشە چەکی خەباتی گەلانەو گوردیش زیاتر لە هەموو گەلێ پێویستی بە نموونەی هونەرو ئەدەبێکی گەشاوەیە . ئیتر با هەموومان چاو ببرینە دوا ڕۆژی گەشاوەی ئەو ئەدەب‌و هونەرە بە پێزە .. !



(١) کاك ئازاد لەم نووسینەی دا وای دەرخستووە کە گوایا (بێ خود) کۆییە . راستی‌یەکەی وەکو ئێمە بۆی ئەچین بێ خود کۆیی نی‌یە بەڵام زۆر جار سەری لە شاری کۆیە داوەو دۆستایەتی‌و ئاشنایەتی‌و پیوەندی لەگەڵ زاناو پیاوە ئاینی‌و شاعیرانی ناوچەی کۆیە دا زۆر بە گەرمی هە بووە .

هاوکاری

ئازاد عەبدولواحید

هەموومان چەند جارێك ناوی شارە خنجیلانەکەی کۆیەمان بیستوە . زور بەشمان دڵ‌و دەرونمان بە دیمەنەکەی کراوەتەوە ، خۆ ئەوەش بووە ، بە شتێکی سەر زاران کە — کۆیە — ی دڵ رەفێن هەمیشەو هەڵئەقوڵی . بێ گومان سەرەتای ئەو راستیەش لەو کاتەوە دەست پێ دەکات کە (حاجی) گولی شاری کۆیەیە بە پاراو ترین ئاوازی شیعری شۆڕشگێری وە نیشتمان پەروەری بە ناوچەکاندا بڵاو کردۆتەوە . ئەو (حاجی)یەی کە هەمیشە بیلبیلەی چاوی کۆیەیەو تاقە مایەی شانازی ئەم کوردە شۆڕشگێڕەیە ..

هەر دەم ئاوێنەی هونەرو ئەدەبێکی گەشەدارو رەسەنی کوردەواری بووە . ئەمە خۆی لە خۆی دا نمونەی راستیە کە پێم وایە هەندێکمان لە سەرە ڕێی ئەم راستیەوە زۆرەها جار بیرو رامان ئاڵو گۆڕ کردووە . ئەگەر بێتو یەکێك تۆزە ئاشنایەتیەکی بە ژیانی ئەم شارە خنجیلانەوە هەبێ ، دڵنیام کە وا چاك لە وەش گەیشتوە خورپەی چ جۆرە سۆزێك لە دەرونی لاوەکانی ئەمڕۆش لە سەر هەمان ڕێگا گەلێك خونچەی پشکووتوی وەك باوە حاجی سەر دەردێنێ‌و هیوای بەوەیە لە سبەینێدا خزمەتێ بە کۆمەڵ ببەخشێ . بێ گومان ئەمڕۆ بزوتنەوە یەکی گەورەی هونەری‌و ئەدەبی لە شاری ئازیزی کۆیە پێگەیشتووە ، خۆ ئەوە ئاشکرایە کە تیپە ساواو بە جۆشەکەی باواجی هەمیشە وەکو نموونەی تیپێکی چالاك لە دڵی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان جێگای خۆی کردۆتەوەو .. هەروەها ئەو راستیەش لەو کاتەوە دەست پێ دەکات کە (حاجی) گولی شاری کۆیەیە بە پاراو ترین ئاوازی شیعری شۆڕشگێری وە نیشتمان پەروەری بە ناوچەکاندا بڵاو کردۆتەوە . ئەو (حاجی)یەی کە هەمیشە بیلبیلەی چاوی کۆیەیەو تاقە مایەی شانازی ئەم کوردە شۆڕشگێڕەیە ..

پایسکلی دوویشتی

لەم رۆژانەی دواییدا بازاڕەکانی ئەوروپا بەرادەیەك قەرەباڵغ بووە ڕێ بەر ڕیداڕ کۆمەڵ سواری ئەبن‌و بە بازاڕەکانا پێی ئەگەڕێن .. هەندێ کەس باوەڕیان بە وەیە ئەگەر چارە سەرێکی بنەڕەتیانە نەدۆزرێتەوە ئەم گیروگرفتە کەم بکاتەوە ، رەنگە ئەم فێڵە تاکو چەند ساڵێکی تر بڕ بکات بەڵام لە دواییدا هەر داد نادات

ناکەوێ .. خەریکە وای لێ بێت لە هەندێك شوێنا ئۆتۆمبیل‌و پیادە رەوێکەوە بگەنە بەرەوە .

خەڵکی چی‌یان کرد بێ باشە .؟ پایسکلی دوو کەسی‌و سێ کەسی یان‌دروست کردوە وبە قوتابیە دواکەوتووەکانی بفرۆشن .. کە دام‌و دەزگای بەریوەبەرێتی پەروەردە ئەمەی زانیوە دەمودەس هەمو پرسیارەکانیان گۆڕیوەو لە کونگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا ئەمەیان ئاشکرا کردوە .

دەزگای پەروەردە کردن

کۆمەڵە دزێکی نهێنی لە ئەمەریکا

لەژێر سێبەرو باڵی ریژیمی سەرمایەداریدا گەلێك شتی ناڕەوا پێك دێت‌و گەلێك سەری ناپاك دێتە روو ... کە **ریژیم‌وکار** بەدەستان دڵسۆز نەبوون شیرازەی هەموشتی‌تیك ئەچیت‌و هەڵ پەرستەکان ئەکەونە خۆو تەنانەت بازرگانی بەقسەو وتی وتی‌وە ئەکەن‌و لە بازاڕەکانا درۆو دەلەسە ئەکۆڕنەوەو پرسیارو وەڵام لەم‌و لەو ئەدزن .. و ئەیکەن بە دەسمایەی ژیان‌و خۆزەرانیان .. لەم دواییەدا ریکخراوێکی نهێنی دز لە نیزیورك پەیدا بووەو بە نهینی‌و پەنامەکی پرسیارەکانی تاقی کردنەوەی سەری ساڵی قوتابخانە ئامادەیی‌یە‌کانیان دزیوە بۆ ئەوەی بە داوای لە کاربەدەستانی ئەمن‌و پۆلیس کردوە کە ئەو کۆمەڵە ناپاکانە بدۆزنەوە . لە (بروکلین) کە یەکێکە لە ناوچەکانی نیویورك چوار لاری بێ ئیشیان گرتووە و ئەوانیش پێیان لەوە ناوە کە سەر بەریکخراوێکی نهێنی ناپاك‌و بەنهینی پرسیارەکانی وەزارەتی پەروەردەیان دزیوە .

insitut kurde de paris